مامۆستایانی زانکۆ سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا بە درێژەپێدەری پەیوەندییەکانی هەولێر و پاریس لەقەڵەم دەدەن

کەبات
XEBAT
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

پابەند دەبین

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5975) دووشەممە 20ی تەممووز 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕۆژی هەینی 2020/7/17ژان ئیف لۆدریان، وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لە مایانەی سەردانەکەیدا دیداری لەگەڵ بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەنجامدا، وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا ڕایگەیاند: ئێمە هاتووین تا هاوکاری ئێوە بین و پشتیوانی خۆمانتان بۆ دووپات بکەینەوە، لەمبارەیەوە مامۆستایانی زانکۆ ئەم سەردانەی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بەرز دەنرخێنن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

هێزێکی تایبەتی بەریتانی بە هاوکاری پێشمەرگە 100چەکداری داعش دەکوژن

هێزی تایبەتی نیشانەشکێنی بەریتانی بە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە، 100چەکداری داعشیان کوشت کە بەشێکیان بەریتانین و لە زیندانی سووریا هەڵاتبوون. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات



دوێنێ یەکشەممە ١٩ی ٧ی ٢٠٢٠ سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە بەڕێز محمد جواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا وێڕای باسکردنی پەیوەندی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، پەیوەندی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵیش تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

سەرۆک بارزانی جارێکی تر جەختی لەوە کردەوە هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە لەپەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانیدا دەڕوانێ هەمیشە پێمان وابووە بەرژەوەندی هاوبەش و پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە کۆمان دەکاتەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز زەریف خۆشحاڵی خۆی بەو سەردانە و بینینەوەی سەرۆک بارزانی دەربڕی



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی ئێران دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 19/7/2020بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز محەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شاندێکی یاوەری کرد. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات

دوێنێ یەکشەممە 19/7/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە محەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



7

پارێزگاری هەولێر:
ڕاستەوخۆ دوای جەژن دەست بەپڕۆژەی ئاوەڕۆی گەڕەکەکانی ڕۆشنبیری و هەشت هەزاری فەرمانبەران دەکەین



لەم هەفتەیەدا.. بەردی بناغە بۆ گەورەترین پرۆژەی پیشەسازی لە کوردستان دادەنرێت

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

کێڵگەکانی غاز لە عێراق بوونەتە سەرچاوەی نەهامەتی بۆ خەڵکەکەی

ڕۆژنامەی "نیویۆرک تایمز"ی ئەمەریکی نوێترین ڕاپۆرتی لەسەر دۆخی ئابووری عێراق، بڵاوکردووەتەوە، کە ڕێژەی غازی کێڵگە نەوتییەکانی عێراق یەکجار زۆرە، بەڵام تەنیا هاوواڵاتیانی خۆی نەیانتوانیوە سوودی لێوەرگرن. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

دابەزینی بەهای تەمەنی ئێرانی بازاڕەکانی عێراق و هەرێم دەشڵەقێنێت

بەهای تەمەنی ئێرانی لە بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان تا دێت ڕوو لە دابەزین دەکات، بە شێوەیەک نرخی 100دۆلاری ئەمەریکی بەرامبەر بووەتەوە بە دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار تمەنی ئێرانی، ئەمەش بە گەورەترین داشکانی بەهای تمەن دادەنرێت. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**





سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات

دوێنێ یەکشەممە 19/7/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران کرا، بەتایبەتی لە بواری ئالوگۆڕی بازرگانی. هەروەها جەخت لە گرنگیی هەماهەنگی کردنی هەردوولا کرایەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا. لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی عێراق و ناوچەکە تاووتوێ کرا.

هەردوولا هاوبۆچوون بوون لە سەر ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە سەر بنەمای دەستوور، لە بەرژەوەندی هەموو هاوواڵاتیبانی عێراقدایە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان
هیوای سەلامەتی بۆ میری کوێت دەخوازێت

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ میری کوێت خاوەنشکۆ شێخ صباح الاحمد الجابر الصباح، بەبۆنەی سەرکەوتنی ئەو نەشتەرگەرییەی بۆ جەنابیان ئەنجام درابوو، خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و پیرۆزبایی لێکرد، لە خوای مەزنیش هیوای سەلامەتی و چاکبوونەوەی بەپەلەی بۆ خواست.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دوێنێ یەکشەممە 19/7/2020 لە نامەکەیدا هەروەها هیوای تەندورستییەکی باش و تەمەنی درێژی بۆ خاوەنشکۆ میری کوێت و بەردەوامیی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆ گەل و دەوڵەتی کوێت لە سایەی جەنابیاندا خواست.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرەخۆشی لە سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات

دوێنێ یەکشەممە 19/7/2020 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرسە و سەرەخۆشی لە موستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد بە بۆنەی کۆچی دوایی (علی حسن الدجیلی) خەزووریەوە.

سەرۆکی حکومەت هاوخەمی خۆی بە سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕاگەیاند و هیوای خواست گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشت شاد بکات و ئارامییش بە بنەماڵەکەی ببەخشێت.

هێمن هەورامی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان دەکات



دوێنێ یەکشەمە 19/7/2020 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کوردستان، لە نووسینگەی تایبەتیی خۆی لە تەلاری پەرلەمان پێشوازیی لە کوانگ چین چۆی کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لەهەرێمی کوردستان کرد. لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاس و ستایشی حکوومەت و گەلی کۆریای باشووری کرد کە لەماوەی ڕابردوو و لە ئێستاشدا بەردەوامن لەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و لەڕووی مرۆیی و ئابووری و وەبەرهێنان و چەندین کاریان کردووە بۆ بووژاندنەوەی هەرێمی کوردستان و هیوای خواست ئەم پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان هەردوولادا هەیە بەردەوام بێت و ڕۆڵی کۆریای باشووروو کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتەشی لەو بوارانەدا بەرزنرخاندو داواشی لە کونسوڵی کۆریای باشوور کرد کە هانی کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی بدات بۆ ئەنجامدانی وەبەرهێنانی زیاتر لە هەرێمی کوردستان کە ئێستا ئاسانکارییەکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە کراوە.

هەر لەدیدارەکەدا هێمن هەورامی دواپەردەسەندنەکانی دۆخی تەندروستی و قەیرانی ئابووری و کێشە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کەئێستا گفتوگۆکان بەردەواميیان هەیە بۆ گەیشتن بەڕێککەوتن، هەنگاوەکانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشی بۆ پرۆسەی چاکسازی خستەڕوو. لای خۆیەوە کونگ چین چۆی کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان، ستایشی هەنگاوەکانی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆناو هەنگاوەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی کرد، هاوکات پشتیوانیی خۆشی نیشاندا بۆ ئەنجامدانی دیالۆگێکی ڕاستەقینە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغداو هیوای خواست کێشەکان بەدیالۆگ و لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا چارەسەر بکرێن.

جەختیشی لە پتەوکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆریای باشوور کردەوەو ئامادەیی وڵاتەکەشی بۆ پشتیوانیکردن لە هەرێمی کوردستان دەربڕی.

هێزێکی تایبەتی بەریتانی بە هاوکاری پێشمەرگە 100چەکداری داعش دەکوژن



K24/ هێزی تایبەتی نیشانەشکێنی بەریتانی بە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە، 100چەکداری داعشیان کوشت کە بەشێکیان بەریتانین و لە زیندانی سووریا هەڵاتبوون.

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی لە زاری سەرچاوەیەک لە وەزارەتی بەرگری بەریتانیا ئاشکرایکردووە، لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوو، 10 جار جەنگ لەگەڵ ئەو چەکدارانە ڕوویداوە.

ئاشکراشیکردووە، ئەو چەکدارانە لە زیندان هەڵاتوون و لە باکووری عێراق بەهۆی شاخ و تونێل توانیویانە خۆیان حەشاربدەن.

لە 10ی نیسان، ئۆپەراسیۆنەکە بە هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە دەستیپێکردووە، هێزەکانی بەریتانیا لەو ئۆپەراسیۆنە، فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیان بەکارهێناوە.

لە یەکێک لە ئۆپەراسیۆنەکان لە چیای حەمرین، لە 28ی نیسان، حەشارگەیەکی چەکدارانی داعش دۆزراوەتەوە و بەهۆی هێرشێکی ئاسمانی، 10 چەکدار کوژراون، دواتر هێزەکانی پێشمەرگە و تیمە تایبەتەکەی بەریتانیا ناوچەکەیان پاککردووەتەوە.

دەیلی مەیل ئەوشی ئاشکرا کردووە، لە سێ مانگی ڕابردوو، چەندین جار جەنگ لەگەڵ چەکدارانی داعش هەڵگیرساوە و بەهۆیەوە 100چەکدار کوژراون، دواتریش کوژراوەکان پشکنینی دی ئێن ئەیان بۆ کراوە و ناسنامەیان ئاشکرا کراوە.

عەلی ڕەشید:
داوامان کردووە قەدەغەی هاتوچۆی نێوان پارێزگاکان هەڵبگیرێت



ڕۆژی سێشەممە 21ی تەمووز لێژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و تەندروستی و پارێزگارەکان کۆدەبێتەوە و بڕیاری نوێ دەدات دەربارەی ڕێکارە نوێکانی خۆپارێزی لە باڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەڵگرتن یان بەردەوامبوونی قەدەغەکردنی هاتوچۆ لەنێوان پارێزگاکان.

لەمبارەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، عەلی ڕەشید ڕایگەیاند: سەرجەم ئەندامانی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای هەولێر بەخودی پارێزگاریشەوە لەگەڵ کۆتایی هێنانیان بە قەدەغەی هاتوچۆی نێوان پارێزگاکان و داوامان کردووە هاتوچۆی نێوان هەولێر و پارێزگاکانی دیکە ئاسایی بکرێتەوە.

عەلی ڕەشید لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: دەمێکە ئەمە داوای ئێمەیە وەک ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و لە چەندین کۆبوونەوەی پێشتری ژووری ئۆپەراسیۆنەکانیش ئەو داوایەمان کردووە کە ژیان ئاسایی بکرێتەوە چونکە ئەو نەخۆشییە ئیدی لە هەموو کوچە و کۆڵانەکان هەیە و دەبێت ئێمە بە تاکپارێزی بەرەنگاری ببینەوە و دەبێت ژیان ئاسایی بکەینەوە، چونکە کاروکاسبی و گوزەرانی خەڵک نەماوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ڕاشیگەیاند: ڕۆژی سێشەممە پارێزگاری هەولێر بە نوێنەرایەتی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگاکە ئەم داوایە لە کۆبوونەوەکەدا دەخاتەڕوو کە هەموو هەرێمی کوردستان وەک یەک بازنە سەیربکرێت و هاتوچۆی نێوان پارێزگاکان ئاسایی بکرێتەوە، لەگەڵ حکوومەتی عێراقیش هەندێک ڕێنمایی دابنرێت بۆ ئەوەی هاوواڵاتیان لە شارەکانی عێراقیشەوە بێن، بەڵام ڕێنماییەکان بەجۆرێکی دیکە بێت و هەندێک مەرجی تێدابێت بۆ نموونە پشکنینیان بۆ بکرێت.

عەلی ڕەشید گوتیشی: تاوەکو ڤایرۆسەکە لە دەرەوە بۆمان دەهات گرنگیمان بە قەدەغەی هاتوچۆی نێوان شارەکان نەدا، بەڵام ئێستا کە هاتووەتە ناو شار و شارۆچکە و کۆڵان و گەڕەکەکان ئیدی قەدەغەی هاتوچۆ ڕۆڵی نامێنێت دەبێت ژیان ئاسایی بکرێتەوە و هاتوچۆ ئاسایی بکرێتەوە. جێی باسە ئێوارەی ڕۆژی شەممە ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگای هەولێر بڕیاری دا بە هەمان ڕێکارەکانی هەفتەی ڕابردوو مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکرێت لە پارێزگای هەولێر و ڕێکارەکانیان دریژکردەوە تاوەکو ڕۆژی سێشەممە 21ی تەمووز، دوای کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان هەر بڕیارێک بدرێت لە هەولێریش کار بەو بڕیار و ڕێکارە نوێیانە دەکرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی ئێران دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 19/7/2020بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز محەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شاندێکی یاوەری کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران، کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و هەوڵەکان و گفتوگۆی چارەسەرکردنیان، دۆخی ناوچەکە بەگشتی، پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی بەتایبەتیش لە بواری ئابووریدا، شەڕی دژی تیرۆر لە عێراق و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی ئێران لە بەغدا و ژمارەیەکی بەرپرسان لە هەردوولا ئامادەی بوون، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و بەڕێز زەریف جەختیان لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران و گرنگیی سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە و چارەسەرکردنی کێشە و ئاڵۆزییەکان بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن، کردەوە.

دوای کۆبوونەوەکەش هەردوولا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا تیشکیان خستە سەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی خۆشحاڵیی خۆی بە سەردانی وەزیری ئێران و شاندی یاوەری دەربڕی و ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان بە بایەخێکی زۆرەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دەڕوانێت، ئێرانیشی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بە دراوسێیەکی زۆر گرنگ لە قەڵەم دا .

بەڕێزیان هەروەها گوتی: هەرێمی کوردستان هیچ کاتێک پشتگیری و هاوکارییەکانی کۆماری ئیسلامی و گەلانی ئێران لە کاتە سەختەکان و ڕۆژانی تەنگانەدا لەبیر ناکات. ئێران هەمیشە وەک دۆست و دراوسێیەک لە هەموو قۆناغەکاندا لەگەڵ ئێمە وەستاوە، ئێستاش بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی دۆستانە و دراوسێیەتی لەسەر بنەمای ڕێز و بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، پێویستییەکی لەپێش و گرنگە.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هەروەها دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان وێڕای پەیوەندییەکی دێرینی میژوویی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری، جموجوڵێکی فراوانی ئالوگۆڕی بازرگانیشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەیە.

پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییانە و فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەشی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەو بوارانەدا کە پێویستی و جێی بایەخی هەردوولان، خواستێکی بەردەوامی هەرێمی کوردستانە و هەمیشە کارمان لەسەر کردووە و دەکەین.

هەروەها گوتی: لەگەڵ جەنابی وەزیر پەیوەندییەکان و دوایین پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە بەگشتی، هەروەها پێگە و ڕۆڵی گرنگی ئێرانمان لە هاوکێشەکانی ناوچەکەدا تاوتوێ کرد. داکۆکیمان لە پێویستی و گرنگیی سەقامگیری لە عێراق و ناوچەکە، گفتوگۆ و لێکگەیشتن بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشە و ئاڵۆزییەکان کردەوە.

ئاماژەی بەوەش دا کە باسیان لە بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و کاریگەرییەکانی کردووە بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا، هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر هاتوچۆ و جموجوڵی دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ ئێران، چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە و ئەزموونی ئێران لەمبارەیەوە، لەگەڵ چەند پرسێکی جێی بایەخی هاوبەش.

بەڕێزان باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی لە بەغدا و کونسوڵەکانیان لە هەولێر و سلێمانی کرد کە ڕۆڵێکی بەرچاو لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەردوولادا دەگێڕن.

هەر لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەکەدا بەڕێز محەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە وتەیەکدا گوتی: سوپاسی میواندارییی گەرمی برا و دۆستی زۆر باشم بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی بەڕێزی هەرێمی کوردستان دەکەم لە هەولێری زۆر جوان، زۆر خۆشحاڵم کە بۆ سێیەمین جار لە میانی بەرپرسیاریەتیم لە سەردانمدا بۆ عێراق ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا سەردانی هەرێمیش بکەم.

هەروەها گوتی: بۆ ئێمە عێراق بە هەموو نەتەوە و گرووپە مەزهەبی و نەژادیەکانییەوە زۆر ئازیزە و دراوسێیەکی باشە و ئەولەوییەتی سیاسەتی ئێمە عێراقە و دەخوازین کە شاهیدی پەیوەندیی دۆستانە و برایانە و هاوکاری لە ناوخۆی عێراق و نێوان عێراق و ناوچەکە بەتایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران بین.

زۆر خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ ناوچەکە لە ڕاستییەکانی عێراقی نوێ تێگەیشتووە. هەڵبەت بۆ هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە زۆری خایاند بۆ قبوڵکردنی ڕاستییەکانی عێراقی نوێ، بەڵام زۆر خۆشحاڵین بەوەی کە ئەمڕۆ ناوچەکە ڕاستییەکانی عێراق وەرگرتووە، عێراقێک کە لە هەموو نەتەوەکان پێکهاتووە و سەرۆک کۆمارەکەیشی کوردێکی عێراقییە. ئەوەش زۆر گرنگە کە ئەم عێراقە لە ناوچەکەی ئێمەدا بە فەرمی ناسێنراوە و لەگەڵ ئەم عێراقە وەک میحوەرێک بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

هەروەها گوتی: ئێران پێشوازی لە ئەم ڕۆڵەی عێراق دەکات و ئێمە پەیوەندییەکی زۆر نزیکمان لەگەڵ خوشک و برایانمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکی زۆر نزیکی هەرەوها پەیوەندییەکی باشی ئابووریمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە و هاوکاریی ئابووریمان لەگەڵ عێراق بەردەوام لە گەشەسەندایە.

بەڕێز وەزیری دەرەوەی ئێران هەروەها گوتی: دڵخۆشین کە تەنانەت ڤایرۆسی کۆرۆناش نەیتوانی ڕێگری لە پەیوەندییە ئابووریەکانمان لەگەڵ عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان بکات و دەروازە سنووریەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەردەوام کراوە بوون و هیوادارم هەردەم هەروا بێت.

ئامادەیی ئەوەمان هەیە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی کە ئەمڕۆ ناوچەکە هاوکاری بکەین و بتوانین ئەزموونەکانی خۆمان لە خزمەت دۆستەکانمان دابنێین، ئامادەین پەیوەندییە ئابووریەکانمان زیاتر گەشە پێببەدەین و پرۆژەی درێژمەودات بەتایبەت لە بواری ناوچە پیشەسازییەکان و ڕێگەی ئاسن و لە بواری وزەدا لەگەڵ عێراق هیوادارم هەموو ڕۆژ پەیوەندییەکانمان بەردەوام و بەهێزتر بێت. هەروەها یادی شەهید سولێمانی دەکەینەوە کە ڕۆڵێکی باش و بەرجەستەی هەبوو لە هاوکاریکردن لەگەڵ سەربازانی ئازای عێراق و پێشمەرگە ئازاکانی کوردستان کە بەرامبەر داعش و بۆ ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی داعش لەسەر هەولێر وەستابوو، یادی ئەو بەرز هەڵدەسەنگێنین و هیوادارین ئەو برایەتییەی نێوان ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق بە بەردەوامی بمێنێتەوە. جارێکی دیکە سوپاسی میوانداریە گەرمەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانی هەرێم دەکەم و سەرۆک.

سەرۆکوەزیرانی عێراق
سەردانی سعوودیە و ئێران و ئەمەریکا دەکات

ڕاگەیەندرا کە لە میانی ئەم هەفتەیەدا، سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی سەردانی سعوودیە، ئێران و ئەمەریکا دەکات. میدیاکانی عێراق بڵاویان کردەوە کە ڕۆژی دووشەمە، مستەفا کازمی سەردانی شاری ریاز دەکات و لە میانیدا لەگەڵ جێنشینی سعوودیە، محەممەد بن سەلمان کۆدەبێتەوە. ئاماژەیان بەوەیش داوە کە هەریەک لە وەزیرانی نەوت، کارەبا، پلاندانان و دارایی یاوەری مستەفا کازمی دەکەن لە سەردانەکەی بۆ ریاز. زاندراوە کە سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ ریاز ژمارەیەک ڕۆژهەڵی گرنگ لەگەڵ بەرپرسانی سعوودیە تاوتوێ دەکات لەوانە گەشەپێدان بە بواری وزە و چۆنیەتی کردنەوەی دەروازەی عەرعەری سنووریی.

میدیاکان عێراق ئەوەشیان بڵاوکردووەتەوە کە ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو، مستەفا کازمی سەردانی تاران دەکات و لە میانیدا لەگەڵ ڕابەری ئێران، عەلی خامنەیی کۆدەبێتەوە. بەپێی زانیارییەکان سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی دوای سەردانەکەی بۆ ئێران، بەرەو ئەمەریکا بەرێ دەکەوێت.

فوئاد حوسێن:
لەگەڵ محەممەد جەواد زەریف جەختمان لەسەر پێویستی دوورخستەوەی هەڕەشەکان لە ناوچەکە کردەوە



وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف ڕایگەیاند کە ژمارەیەک دۆسیەی ئابووریی، ئەمنیی و سیاسییان باس کردووە. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشدا، فوئاد حوسێن گوتی: سەردانەکە ئاماژەیەکە بۆ پتەوی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران و لەم ڕووەوە سوپاسیان دەکەین، لەکاتێکدا هەردوو وڵات ڕووبەڕووی گەورەترین ئاستەنگ بوونەتەوە، ئەویش پەتای کۆرۆنایە. فوئاد حوسێن گوتیشی: لە دیدارێکی دۆستانەدا گفتوگۆمان کرد سەبارەت بە کۆمەڵێک پرس کە گرنگن بۆ هەردوو وڵات و پەیوەندی دوولایەنە، باسی ئالوگۆڕی بازرگانییمان کرد کە بەشێوەیەکی کاتی کەم بووەتەوە بەهۆی ڕێکارە تەندروستییەکان و داخستنی دەروازە سنوورییەکان بۆ کاتێکی دیاریی کراو و خەجتمان کردەوە لەسەر دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ بەردەوامبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان سەرەڕای پەتای کۆرۆنا.

فوئاد حوسێن گوتیشی: لەلایەن خۆمانەوە جەختمان کردەوە کە پەیوەندییەکی دۆستانەمان دەوێت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە ڕوانگەی بەرژەوەندی هاوبەشی ئەو وڵاتانە بەبێ دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆ و لە چواچێوەی نیوەدوڵەتییشدا جەختمان کردەوە لەسەر پێویستی دوورخستەوەی هەڕەشەکان لە ناوچەکە و پاراستنی سەروەری عێراق و گفتوگۆمان کرد لە بارەی سەردانەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بۆ ئێران لە چەند ڕۆژی داهاتوودا.

هەر لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەکەدا، وەزیری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف گوتی: زۆر خۆشحاڵم لە خزمەتی ئێوەدام، ئێمە ئەزموونێکمان هەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش و ئەم پەیوەندییانە لەبیرناچێت و بێگومان ئێمە پێشوازی لە عێراقێکی پڕ لە ئاشتی و ئاسایش دەکەین و ڕۆڵی کاریگەری عێراق و دەستوەردان نەکردن لە کاروباری ناوخۆ بەجددی کاری لەسەر کراوە و هێشتا دەبێت هۆشیار بین. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، وەزیری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف جارێکی دیکە ئیدانەی هێرشەکەی ئەمەریکای کرد کە تیایدا فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسداران، قاسم سولەیمانی کوژرا.

مامۆستایانی زانکۆ سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بە دریژەپێدەری پەیوەندییەکانی هەولێر و پاریس لەقەڵەم دەدەن





د. شوان خۆشناو: فەرەنسا لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیشدا دۆستایەتی لەگەڵ کورددا هەبووە



د. سەباح سوبحی: سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ستراتیژییە

خەبات: تریفە ئازاد

رۆژی هەینی 17-7-2020ژان ئیڤ لۆدریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لە مایانەی سەردانەکەیدا دیداری لەگەڵ بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەنجامدا، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ڕایگەیاند: ئێمە هاتووین تا هاوکاری ئێوە بین و پشتیوانی خۆمانتان بۆ دووپات بکەینەوە، لەمبارەیەوە مامۆستایانی زانکۆ ئەم سەردانەی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بەرز دەنرخێنن.

د شوان محەمەدئەمین خۆشناو، مامۆستای میژوو لە کۆلێژی ئاداب، دەربارەی گرنگی سەردانەکەی ژان ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە ڕوانگەی میژوییەوە بۆ هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات،

گوتی: فەرەنسا یەکێکە لەم وڵاتانەی کە میژوویەکی کۆنی لەبواری دیموکراسی هەیە، وڵاتێکە خاوەن شۆڕشێکە کە شۆڕشێکی ئاسۆیی بوو بەناوی شۆڕشی فەرەنسی، کاریگەری لەسەر تەواوی ئەورووپا و کاردانەوەی لەسەر تەواوی ڕۆژئاوای ناوەڕست هەیە، هەندێک سەرچاوەش باس لەوە دەکەن شۆڕشی فەرەنسی کاریگەری لەسەر بزووتنەوەکەی بەدرخان پاشای بۆتانیش هەبووە لە .1840 هاوکات فەرەنسا وڵاتێکە لە ناو یەکێتیی ئەورووپا دەنگێکێی بەهێز و وڵاتێکی کاریگەرە لەسەر دروستکردنی بڕیار، فەرەنسییەکان لەڕووی میژوورییەوە دۆستایەتیی کۆنیان هەیە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بۆ گەیاندنی دەنگی کورد (کریس کۆچێرا) کە ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی بوو، کتێبی هەیە لەبارەی میژووی کورد و دیداریشی لەگەڵ بارزانیی نەمر ئەنجام داوە، لە ڕاپەڕینی 1991دوای حکوومەتی عێراق بەهێز گەڕایەوە و کۆڕەوە مەزنەکە ڕوویدا، فەرەنسییەکان بڕیاری ئەرێنی باشیان هەبوو لەبارەی دەستنیشانکردنی ناوچەی دژەفڕین لە کوردستان.

دکتۆر شوان دەشتی: فەرەنسا ڕۆڵی کاریگەری بینی بۆ ئەوەی دەنگی کورد بگاتە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و بگاتە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەمیشە گوشاری دەخستە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەی بۆ ئەوەی کورد لە زەبروزەنگ بپارێزیت، سەردانەکەی ئەمجارەی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لەم کاتوساتە کە فەرەنسا لە زۆر کاتی ناخۆش و مەینەتی بە کەڵکی کورد هاتووە، هەر لە 20ی حوزەیرانی 2014کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش بووەوە، ئەوکات فرانسۆ ئۆلاند سەرۆکی فەرەنسا بوو، هاتە هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا تیرۆریستان زۆر نزیکی هەولێر ببوونەوە، سەردانی سەرۆک بارزانی کرد و دیداری لەگەڵ بەڕێزیان لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش ئەنجامدا و چەک و تەقەمەنی لەبواری سەربازی هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا فڕۆکەکانی فەرەنسا بەشداری کارایان هەبوو لە لێدانی تیرۆریستانی داعش، لە ماوەی شەڕی داعش سەرۆکی فەرەنسا سەردانی کوردستانی کرد و هەروەها لە کۆشکی خۆی پێشوازی لە سەرۆک بارزانیش کرد و دۆستایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فەرەنسا میژوونووسێکی کۆنی هەیە.

هەروەها گوتیشی: ئەگەر بێت و ئێستا سەیر بکەین، ئیمانوێل ماکرۆن بە هەمان گڕوتینی فرانسۆ ئۆلاند ڕێگە نادات پەیوەندییە میژوونووسێکی کورد هەوراز و نشێوی تێبکەوێت.

گوتیشی: ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بکەین، ئەوە فەرەنسییەکان بوون یەکەم کەس بانگهێشتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانیان کرد کە ئەوکات سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو، ئەوکاتە کورد لە بارودۆخێکی خراپ دابوو، کورد بە هەموو شێوەیەک ئابلوقە درا بوو، لە ڕووی هەرێمی و نێودەوڵەتی و پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی چەقبەستوو ببوو، بەڵام دیسان فەرەنسییەکان بوون عەبادیان ناچار کرد کە بێتەوە سەرمێزی گفتوگۆ و پێیان ڕاگەیاند کێشەی کورد نەبێتە خۆڕاکی وڵاتانی تر، ئەم سەردانەی ئەمجارەی وەزیری دەرەوەی فەرەنساش بۆ کوردستان کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆک بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کاریگەری زۆری هەیە، لەم کاتە کە پەتای کۆرۆنا ڕووی لە هەموو جیهان کردووە، جیهان تووشی کێشەی ئابووری بووە، کوردستانیش گرتووەتەوە، بەڵام فەرەنسییەکان دووبارە لەم قەیرانەشدا وەک قەیرانەکانی تری شەڕی داعش و خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر هاوکاری کورد دەکەن، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە، وەک دەزانین ناوچەکە لە چەندین لاوە کێشەی هەیە کە ئێران بارودۆخی ئابووری تەواو داتەپیوە و تورکیاش کۆمەڵێک کێشەی هەیە، بەغداش چەندین کێشەی هەیە، پەیوەندییەکانی کازمی لەگەڵ کورد هێشتا ڕوون نییە، ئەم سەردانە لەڕووی میژوورییەوە گرنگی زۆری هەیە.

دکتۆر سەباح سوبحی مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی گرنگی سەردانەکەی ژان ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان و دیداری لەگەڵ بەرپرسانی بااڵی هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژنامەی خەبات، گوتی: سەردانی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بۆ هەرێمی کوردستان بە سەردانێکی ستراتیژی لەقەڵەم دەدرێت، حکوومەتی فەرەنسا بە دۆستێکی تەنگا لە قەڵەم دراوە بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان و هەوڵ دەدات کێشە و گرفتەکان چارەسەر بکات، کە گرنگترینیان پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق، لەلایەکی تریش هەوڵە بەردەوامەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا، هێرشەکانی تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان، ئەمەش هەوڵدانە بۆ سەلماندنی پشتیوانی، پەیوەندییەکانی حکوومەتی فەرەنسا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی دێرینە و لەپاڵ گۆڕانکاری حکوومەتی فەرەنسا و گۆڕانکارییەکانی ترکە هەموو جیهان تووشی بووە، بەڵام ئەم سیاسەتە جێگرە بەردەوام بووە و ئەم پشتیوانیکردنەی گەلی فەرەنساش ڕەگەکەی لەوە هاتووە حکوومەتی فەرەنسا لە ناوچەکەدا بەردەوام پشتیوانی لە مافەکانی میللەتی کورد دەکات و ئەم پشتیوانییەی خۆی سەلماندووە.

بەهۆی پەتاکەشەوە هەموو کۆبوونەوەیەک قەدەغەکرا

ئێران... گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا 14هەزاری تێپەڕاند

لە ئێران ژمارەی ئەو کەسانەی بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 14 هەزار و 188کەس. دوێنێ یەکشەممە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری ئاماژەی بەوە کرد کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 209 کەسی دیکە بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە، هاوکات دوو هەزار و 182حاڵەتی نوێی تووشبوون بە پەتاکە تۆمارکراوە. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران باسی لەوەش کرد کە ژمارەی گیانلەدەستدان بە پەتاکە گەیشتووەتە، 14 هەزار و 188کەس و کۆی گشتیی تووشبووانیش بەرزبووەتەوە بۆ 273هەزار و 656کەس کە باری تەندروستیی سێ هەزار و 556تووشبوویان ناجێگیرە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران هەروەها باسی لەوەیش کرد کە ئێستا 237هەزار و 788 تووشبوو، پەتاکەیان تێپەڕاندووە و چاکبوونەتەوە. سیما سادات لاری هەروەها ئاماژەی بەوەیش کرد کە تا ئێستا لەسەرتاسەری ئێران، پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بۆ دوو ملیۆن و 148 هەزار کەس ئەنجامدراوە. هەریەک لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی خۆرهەڵات، ئیلام، بوشەهر، خۆراسانی ڕەزەوی، خوزستان، زەنجان، گولستان، مازەندەران، کرمان و فارس وەک «ناوچەی سوور» ڕاگەیەندراون.

لەلایەکی دیکەشەوە لە چواربێوەی بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ، سازکردنی کۆنفرانس، سیمینار و هەموو جۆرە کۆبوونەوەک قەدەغەکرا.



دابەزینی بەهای تەمەنی ئێرانی بازاڕەکانی عێراق و هەرێم دەشڵەقێنێت



بەهای تەمەنی ئێرانی لە بازاڕەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان تا دێت ڕوو لە دابەزین دەکات، بە شێوەیەک نرخی 100 دۆلاری ئەمەریکی بەرامبەر بووەتەوە بە دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار تمەنی ئێرانی، ئەمەش بە گەورەترین داشکانی بەهای تمەن دادەنرێت. بەپێی دەنگی ئەمەریکا ، دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی، جگە لەوەی گومان و خۆبندنەوەی جیاوازی لەلایەن کاسبکار و بازرگانانەوە بۆ دەکرێت، هاوکات زیانێکی زۆریشی بە بەشێک لە بازرگانە عێراقی و کوردیەکانیش گەیاندووە، بە تایبەت ئەو بازرگانانەی لەبواری ئاڵوگۆڕی دراودا کاردەکەن.

سیروان محەمەد سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی بۆ دەنگی ئەمەریکا ، دابەزینی بەهای تمەنی ئێرانی بۆ خراپی دۆخی سیاسی ئێران و دابەزینی نرخی نەوت، لەگەڵ ڕێگریکردن لەهەناردنە دەرەوەی نەوتی ئێران دەگێڕێتەوە. بڕێکی زۆری تمەن خراوەتە بازاڕەکانی عێراق و هەرێمەوە، هەندێک زانیاری نافەرمیش لەبەردەستدان، ئاماژە بۆ هاوردەکردنی بڕێکی زۆر تمەن بە شێوەی قاچاخ بۆ بازاڕەکانی هەرێم دەکەن، ئەمەش وایکردووە بەهای ئەو دراوە زیاتر دابەزێت.

بەپێی زانیاریی میدیاکانی ئێرانیش، لە دریژەی دابەزینی نرخی تمەن بەرانبەر دۆلاری ئەمەریکی، دوێنێ یەکشەمە لە بازاڕی دراوی تاران، نرخی یەک دۆلاری ئەمەریکی گەیشتووەتە 26هەزار و 500تمەن. مالپەڕی نافەرمییەکان کە نرخی دراوە بیانییەکانیان لە ئێران تۆمار دەکەن، بڵاویان کردووەتەوە دوێنێ یەکشەمە نرخی هەر دۆلارێکی ئەمەریکی لە بازاڕی تاران بەرانبەر بووە بە 26هەزار تمەن، بەاڵم چەند سەرچاوەیەکی دیکە ئاماژەیان بەوەش کردووە کە دوانیوەڕۆی دوێنێ یەک دۆلار بە 26 هەزار و 500تمەن ئاڵوگۆڕی پێوە کراوە. واتە 100 دۆلاری ئەمەریکی ئێستا لە ئێران بەرانبەر بە دوو ملیۆن و 650هەزار تمەن. هاوکات لیرەی ناسراو بە "ئیمامی" بە 11ملیۆن و 400هەزار تمەن مامەڵەی پێوە کراوە. جێی باسە نرخی دۆلار لە ئێران لە سەرەتای ساڵی 2020تەنیا 16هەزار تمەن بوو، ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرەتای ساڵی 2019نرخی هەر دۆلارێکی ئەمەریکی لە ئێران چوار هەزار و 700 تمەن بووە.

شارەزایانی ئابووری لەو باوەڕە دان، بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بەرانبەر بە تمەن، نیشانەی دارمان و قەیرانێکی قوواڵی ئابوورییە لە ئێران.

پارتی دیموکراتی کوردستان
231ەمین سالڕۆژی نیشتیمانی فەرەنسا و رۆژی باستیل پیرۆز دەکات



پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ناوی گەلی کوردستان و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە بیرەوەری یادکردنەوەی 231مین سالڕۆژی نیشتیمانی کۆماری فەرەنسای دۆست کە لە مێژوو دا بە ڕۆژی باستیل و سەرکەوتنی شۆرشی ئەم وڵاتە لە 14ی مانگی جوڵای 1789دێت و لە 1790 دا یەکگرتنەوەی فەرەنسا ی لێکەوتەوە، نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەرێز (ئولیڤیێ دیکۆتینێ) کونسوڵی گشتی کۆماری فەرەنسا لە هەرێمی کوردستا کرد و پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەیان لە گەل و حکوومەتی فەرەنسا و ستافی کونسوڵگەرییەکان کرد لە هەرێمی کوردستان و هیوای پێشکەوتن و بەردەوان بە پەیوەندییە مێژوویییەکانی نێوان گەلانی کوردستان و کۆماری فەرەنسای دۆستی خواستووە. لەلایەکی تریشەوە سوپاس و ستاییشی پشتگیرییەکانی ئەم وڵاتەی کردووە لە هەرێمی کوردستان.


پەیوەندییە مێژوویییەکانی گەلی کورد و کۆماری فەرەمنسا دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی ژەنەرال مستەفا بارزانیی نەمر کە لەو سەردەمەدا بارزانیی نەمر و ژەنەراڵ دیگۆڵ چەندین نامەیان لەگەڵ یەکتردا گۆڕیوەتەوە و چەندین کەسایەتی نەسراوی فەرەنسیش بۆ پشتگیری گەلی کورد سەردانی کوردستانیان کردووە و بابەتگەلێکی زۆریش لەسەر پرسی کورد لەم وڵاتە بڵاوکراوەتەوە و کۆمەڵگای فەرەنسی هاوسۆزیی پرسی کوردن.


لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق و لەسەردەمی پرۆسەی بەدناوی ئەنفاڵ و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی کیمیاوی یاساغکراوی نێودەوڵەتی دژ بە گەلی کورد لە هەڵەبجە و کوردستان، فەرەنسییەکان بە پشتیوانی بەهێزی مافە ڕەواکانی گەلی کورد ناسراون. پەیوەندییەکانی نێوان فەرەنسا و کوردستان لە دوای شەڕی کەنداو و لە سەرەتای ڕاپەڕین و کۆڕەوی ملیۆنی و سەرخستنی پرۆژە بڕیاری 688ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 5ی نیسانی 1991دا بەردەوام گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە لە هەموو بوارەکاندا.

ڕژێمی فاشتی بەعس و سەدام بەرامبەر بە خەڵکی کوردستانی باشوور . وڵاتی فەرەنسا پشتیوانێکی بەهێز بووە لە دەرچواندنی پرۆژەبڕیاری 688ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دڕووستکردنی ناوچەی ئارام و زامنکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ کورد. هەروا لە سەردەمی بەڕێوەچوونی یەکەمین هەڵبژاردنی دیموکراتیک بۆ هاتنە کایەی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بنیادنانی دیموکراسی و ئاشتی و پێکەوەژیان و فرەیی لە هەرێمی کوردستاندا کۆماری فەرەنسا پشتیوانێکی سەرسەختی مافە ڕەواکانی گەلی کورد بووە. کۆماری فەرەنسا وڵاتێکی بەهێزە لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتێکی بەهێزی ناتۆ و ئەندامێکی کارای یەکێتی ئەورووپایە و لە چەندین دامەزراوەی نێودەوڵەتیشدا لە سەر ئاستی سیاسی، دیپلۆماسی، ئابووری، سەربازی و... بە زۆهێزێکی مەزنی ئەورووپا و جیهان هەژمار دەکرێت کە ڕۆڵی مەزن دەگێڕێت لە هێنانەدی ئاسایش و سەقامگیری و ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکانی سیاسی و شەڕ و تونددوتیژییەکان لە جیهان و بەتایبەتیش لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و... لە وڵاتە پێشەنگەکانی جیهان هەژمار دەکرێت. کۆماری فەرەنسا لە ساڵانی نەوەدەکان و لە سەردەمی سەرۆک فرانسوا میتراندا ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە هێنانەدی ئاشتی ناوخۆیی و نەهێشتنی شەڕی ناوخۆیی لە کوردستانی باشوور و چەندین ڕێکخراوی فەرەنسی بواری هاوکاری مرۆیی لە کوردستان چالاکیان هەبووە. لە ساڵی 2008 کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە هەولێری پایتەخت کردەوە و بە هۆیەوە ڕێگەی خۆشکرد تاوەکو چەندین وڵاتی زۆهێزی تریش کونسوڵگەری لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە. کۆماری فەرەنسا لە 27ساڵی ڕابردوودا و بە کردەوەش لە 15ساڵی ڕابردوو دا کە هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی هەستیاری گەشەپێدان و دیموکراسی و ئاوەدانی و پاراستنی دەستکەوتەکانی بووە و قەوارەی هەرێمی کوردستان بەردەوام هەڕەشەی لەسەر بووە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەییدا کۆماری فەرەنسا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان بنیادناوە و سەرکردەکانی کوردستانی بە فەرمی بانگهێشتی وڵاتەکەی کردووە و لەسەر ئاستی بالاشدا گەورە بەرپرسانی وڵاتەکەی وەک سەرۆک کۆمار و وەزیرانی دەرەوە و بەرگری و پەرلەمانتاران و سیناتۆران و دامەزراوە گرنگەکانی ئەم وڵاتە بەردەوام سەردانی هەرێمی کوردووە و گرنگیان بە سەقامگیری و ئاشتی و ئارامی لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوە.

هەروەها لە ساتەوەختە سەخت و مەترسیدارەکانیش دا لە 2014کە بۆ یەکەمین جار سەرۆک کۆمار فرانسوا ئۆڵاند سەردانی هەولێری پایتەختی کرد و لەگەڵ سەرۆک مەسعود بارزانیدا کۆبۆیەوە و سەردانی پێشمەرگەی کوردستانی کرد لە بەرەکانی جەنگی تیرۆر دا.

بە سەرکەوتنێکی مەزنی دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان لەگەل دەرەوە هەژمار دەکرێت





بنچینە بنەڕەتیەکانی هەردوو سیستەمی حوکمرانی فیدرالّی و کۆنفیدرالّی

ئا: یونس حەمەد – ئۆسلۆ

جیهانی حوکمڕانی بە تایبەت لە میژووی هاوچەرخدا ، چەندین سیستەم وەک بنچینەیەکی بنەڕەتی بۆ حکومڕانی قەواڕە و دەوڵەت هاتۆتە دامەزراندن ، لە هەموو ئەو ڕێڕەوە حکومڕانیانە کە لە زۆر قەوارەی یاساییدا پەیڕەو دەکرێن ، هەردوو سیستەمی فیدرالّی و کۆنفیدرالّییە کە لە ڕووی یاسادا زۆر باس هەڵدەگرێت ..

فیدرالی سیستەمێکی حوکمڕانییە ئێستا لە زۆر وڵاتاندا پەیڕەو دەکرێت و بۆتە سیستەمێکی بەربڵاو لە دونیا و نەخشەی سیاسی دەوڵەتاندا ، بەڵام هەر یەک بە جیاوازتر لەوانی دیکە سیستەمەکە پەیڕەو دەکات ،لەم ڕەوانگەیەدا بۆ ئەوەی بە شێوازێکی زانستی و یاسایانە باسی لێوە بکەین وەک پێناسەیەک دەیخەمە بەرچاوی خوێنەر ..فیدرالی ڕاستەقینە بەواتای حوکمڕانی ئاڕەزوومەندانەی نێوان دەوڵەت و هەرێم یان نێوان چەندین گرووپە جیاجیاکان لە

دەسەلاتی سیستەمی فیدرالی:

ئەم دەسەلاتە لەسەر چەند تەوەر و بناخەیەک پێکدێت : دەستوور و یاسای بنەڕەتیی، بەم پێیەش هەرێم ، یان وڵایەت لەگەڵ دەوڵەت بە سیستەم ڕێکدەخرێن.

دانانی قەوارەی سیاسی و دیمۆگرافی و میژوویی سوودی لێ وەردەگیرێت ، دواتریش حاڵەتەکە بەرەو تەواوی دەوڵەتی یەکگرتوو دەچێت.

دانانی میکانیزمێکی تایبەتمەندانەی نێوان دەسەلاتی فیدرالی و ناوەند لەگەڵ ئەوەی دەسەلاتداریتی و تایبەتمەندیی ئابووری لە سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی نێوخۆیی پێکدێت.

پەرلەمان سەرپەرشتی سەرۆکایەتی بۆ بەشە ئیداریەکان دەکات.

دانانی پایتەختێک بۆ هەرێم یان وڵایەت دەبێ شارێکی گرنگی ئەم هەرێمە یا وڵایەت بێت.

هەرێم سوود لە سامانی مرۆیی و ئابووری و بەرهەمهێنانی خۆی وەردەگرێت.

هێزی پۆلیس و سوپا بۆ بەرگری لە سنووری هەرێم دابێت.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی بە شێوەی دیموکراسی و بێگەرد ئەنجام دەدرێت .

سیستەمە هەنگاو بنێین ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەک لەو وڵاتانەن کە سیستەمی فیدرالی پەیڕەو دەکەن: ئەڵمانیا ،هیندستان ،بەریتانیا و ئەرژەنتین ،ئوستراليا و ئیمارات وێڕای ئەمەریکا ،بەڵام سیستەمەکە پێشکەوتووترە، لەم چەند ساڵەی دواییشدا ئەم سیستەمە لە ئێراقیشدا پەیڕەو دەکرێت ،بەڵام بە جۆرێکی جیاوازتر .سیستەمی فیدرالی لە خوارەوەش چەند بڕگە و حکومڕانییەکی دیکە دەگرێتەوە ، بۆ نموونە سیستەمی ئۆتۆنۆمی ، کانتۆن ئەسکەندەنافیا و سویسرا و بەلژیکا.

پێناسەی کۆنفیدرالی:

کۆنفیدرالی بە واتای یەکێتی نێوان دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری بە پێی ڕێککەوتنی نێوانیان و دیاریکردنی سیستەم و یاسایەکی پڕۆتۆکۆڵی نێوان هەردوولادا بۆ ئەوەی دەستەیەکی سیاسی ئابووری بەمەبەستی دیاریکردنی تایبەتمەندییەکان : سیاسی و ئابووری و ئاینی و لەگەڵ ئەوەی هەر دەوڵەتێک تایبەتمەندی خۆی لە سیاسەتدا هەبێ ، سیستەمی کۆنفیدرالی ئەندامانی لە دەوڵەتانی سەربەخۆ وخاوەن سەروەری پێکدێن ،بەم پێیەش ئەو دەسەلاتانەی پێشوو لە نێوانیاندا هەیە ئەوە هەندێک لە دەسەلاتەکان دەدرێتە ئەو دەستەیە یان ئەو بوونێکی هاوبەش لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی خاوەن سەروەرین .

دانانی ڕێگا و سیستەمێک لەسەر ئەو بنچینە بێتە ئاراوە و هەردوو لایەنی خاوەن سەروەری دەستووریکیان دەبێ.

کۆنفیدرالی ڕێز لە سەروەریی ئەندامانی دەگرێت بەپێی ئەو یاسا نێودەوڵەتیەی بەگوێرەی دەنگی ئەندامان.

کۆنفیدرالی لە زۆر حاڵەتدا پەیوەستە بە سیستەمی بەرگریی دەرەوە و یەک دارایی.

کۆنفیدرالی پشتگیری لە هەموو ئەندامانی یەکێتیەکان دەکات.

بۆچوونی جیا لە سروشتی پەیوەندی نێوان دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان ونا ئەندام بە دابەشکردنی دەسەلاتی نێوانیان هەیە .

نموونەی دەوڵەتانی کۆنفیدرالی لەجیهاندا :

1- نموونەی ئێستای یەکێتی ئەورووپا.

2- دەوڵەتانی پێشووی سۆڤیەت،نیمچە کۆنفیدرالی.

3- وڵاتانی ئەمەریکای ناوەڕاست وەک (سلڤادۆر و کۆستاریکا و هندۆراس و جامایکا و دۆمەنیکا) ساڵی **1825**یەکێتییەکی کۆنفیدراليان دامەزراند ،ئەم دوو وڵاتەی دوایی واتا (دۆمەنیکا وجامیکا) یەکێتیان لەنێواندا هەیە و ساڵی **1967** دایانمەزراند ئێستا بە وڵاتانی هیندی ڕۆژئاوا دەناسرێن.

4- یوگوسلاڤیای پێشوو لەو وڵاتانە پێکهاتبوو نیمچە کۆنفیدرالی واتا سیستەمی کۆماری(کرواتیا، بۆسنە ، سلۆڤینیا ، و مۆنتنیگرۆ) .

5- دواتر بوونی شێوەیەک لە کۆنفیدرالی نێوان سربیا و مۆنتنیگرۆ لە ساڵانی **1982** و **2006**.

هەروەها ئەو یەکێتیەی ساڵانی **1958**تا **1961** نێوان میسر و سوریا ڕاگەیانرا.

لە ساڵی **1979** هەوڵێک درا کە یەکێتیەک لە نێوان عێراق و سوریا پێک بهێنرێت، بەڵام هەر زوو شکستی هێنا و سەری نەگرت ، لێرەدا چەندین کەسایەتیش بوونە قوربانی و لە سیدارە دران.

6- سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دوای **1991** ئەوە زیاتر لە کۆنفیدرالی دەچێت نەوەک قالبی فیدرالی ،بەڵام لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بە فەرمی خاوەن سەروەری خۆی نییە ئەوە ناتوانرێت بچێتە قالبی کۆنفیدرالی، ئەمەش ناشاردرێتەوە کە هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی هەنگاو دەنێت باشترین بەڵگەی یاسایی و فەرمی لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی **25/ 9/ 2017**دیار کەوت کە زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردن دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە ، هەروەها لە ڕووی دیپلۆماسییەوە ئەو ڕێگا و دەرفەتەی هەیە تا ڕادەیەک بەبێ ڕەزامەندی ئێراق پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی هەبێت ، هەروەها لە ڕووی دەزگای فەرمییەکەی خۆی قەوارە فەرمییەکەی بەڕێوە دەبات کە دەستوور ئەو مافەی پێداوە .

فیدرالّی ڕاستەقینە بەواتای حوکمڕانی ئاڕەزوومەندانەی نێوان دەوڵەت و هەرێم یان نێوان چەندین گرووپە جیاجیاکان لە نەتەوە و ڕەگەز و ئایین



ئەمەش سیستەمێکی یاسایی بۆ سیستەمی سیاسی دەگوازێتەوە لەگەڵ پاریزراویی هەندێک لە ناسنامەی نێوان هەر یەک لە سەربەخۆیی خۆجێیی دواتر بۆ هەرێم و دەوڵەت چەند حاڵەتێکدا لە یەکتر جیا دەکرێنەوە.

دەسەلاتی جێبەجێکردنی یاسا و یاسادانان لە چوارچێوەی دەستووری فیدرالّی دەبێت.

دەسەلاتی هەرێمی یان ویلایەت لە سەرۆکی هەرێم و هەرێم یان ویلایەت ئەو مافەی نییە ئالوگۆڕی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتاندا هەبێت بۆ ئەمەش پێویستە ڕەزامەندیی ناوەند (سەنتەر) وەربگرێت.

بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر ئەم دەستە تێکەڵاوە و هەماهەنگییەکە بۆ چەند بواریک دانراوە لەنێوان ئەو وڵاتانەدا یان ئەو چەند وڵاتەی پێیان دەگوترێ کۆنفیدرالی.

دەسەلاتی کۆنفیدرالی:

، یان شارەوانییەکان کە ئەمانە زیاتر بە سیستەمی خزمەتگوزاری ناسراون ، هەروەها لە زۆر وڵاتاندا پەیڕەو دەکرێن لەو وڵاتانەی کە زۆر بایەخ بەو سیستەمە دەدرێت دەوڵەتانی

مانشێت



ئەی ئێف پی:

حکومەتی چین بەریتانیای ئاگادار کردەوە لەوەی ناردنی کەشتی فڕۆکەهەڵگر بۆ ئۆقیانووسی هێمن زیان بە پەیوەندیەکانی هەردوولا دەگەیەنێ.

سکای نیوز:

ڕێکخراوی تەندروستی جیهان رایگەیاند بۆ یەکەم جار ژمارەی تووشبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان چارەگە ملیۆنێکی تێپەڕ کرد لە ڕۆژێکدا.

ئیندیپێندێنت:

بە مەبەستی دەستکردنەوە بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستان، سەرۆکی بزووتنەوەی تالیبان ئەندامانی نوێی شاندی دانوستانکاری دەستنیشان کرد.

کەنالی ئار تی:

لە هەڵمەتێکی سەربازیدا لە باشووری وڵات ، سوپای سۆمال **18**چەکداری سەر بە بزووتنەوەی شەبابی توندڕەوی کوشت.

سی ئێن ئێن:

یەکێتی ئەورووپا نیگەرانیی دەربڕی بەرامبەر بە هەڕەشەکانی ئەمەریکا لەوەی سزا بەسەر ژمارەیەک کۆمپانیادا بسەپێنێ.

بی بی سی:

حکومەتی بەریتانیا دووپاتی کردەوە کە بەڵگەی لەبەر دەستە دەربارەی دەستوەردانی ڕووسیا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی **2019**ی وڵاتەکەی.

لەم هەفتەیەدا بەردی بناغە بۆ گەورەترین پڕۆژەی پیشەسازی لە کوردستان دادەنرێت



لە ماوەی یەك ساڵدا، دەستەی گشتیی وەبەرهێنان دیان پڕۆژەی وەبەرهێنانی پەسەند کردووە، بەرپرسێکی دەستەی گشتیی وەبەرهێنانیش ئاشکرای کرد، لەم هەفتەیەدا پڕۆژەیەکی گەورەی پیشەسازی بەردی بناغەی بۆ دادەنرێت. موخلیس سەلیم، بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی لە دەستەی وەبەرهێنان، دەڵێ: ئەمڕۆ بەردی بناغەی پڕۆژەی بەستنەوەی وێستگەی کەسنەزان بەهێڵی 132 کەی قی لە هەولێر دادەنرێت. لەژێر چاودێری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەئامادەبوونی ئەندازیار کەمال محمد ساڵح وەزیری کارەبا و دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، لەمەراسیمێکدا کاتژمێر 10ی بەیانی ئەمڕۆ لەهەولێر بەردی بناغەی پڕۆژەی بەستنەوەی وێستگەی کەسنەزان بەهێڵی 132 کەی قی دادەنرێت. ئەم پڕۆژەیە بەسەرپەرشتی وەزارەتی کارەبا لەماوەی 60 رۆژدا ئەنجام دەدرێت و رۆڵی دەبێت لە ئیشپێکردنی وێستگەی 132کەی قی کەسنەزان و کەمکردنەوەی لۆد و ڕێکخستنی کارەبا لەتەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی هەولێر. ئەمەش لە کاتێکدایە، 14ی ئەم مانگە، وێستگەی 300 مێگاواتی کارەبای هەڵمی لە خەبات بەگەڕخرا کە سوودی زۆری بۆ زیادکردنی کارەبای نیشتمانی هەیە.

لەم هەفتەیەدا پڕۆژەیەکی گەورەی پیشەسازی بەردی بناغەی بۆ دادەنرێت. موخلیس سەلیم، بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی لە دەستەی وەبەرهێنان، دەڵێ: لە سەرەتای مانگی 7ی ساڵی رابردووەوە تا ئێستا لە دەستەی گشتیی وەبەرهێنان 220 پڕۆژە پەسەند کراون، واتە ئەو کەسانەی پڕۆژەیان هەبووە و پێشکەش کراون و لەلایەن دەستەوە پەسەند کراون، کە دواتر ڕەوانەی لایەنی پەیوەندیدار دەکرێن، بۆ نموونە ئەگەر پڕۆژەکە پیشەسازی بێت، دەچێتە لایەنی پیشەسازی، ئەگەر کشتوکاڵی بێت، دەچێتە وەزارەتی کشتوکاڵ .

بەڕێوەبەری گشتیی یاسایی و کارگێڕیی دەستەی وەبەرهێنان دەشڵێت: لەو 220 پڕۆژەیەی پەسەند کراون لەلایەن حکومەتەوە، پڕۆژەکان لە زۆربەی کەرتەکاندا پەسەند کراون و جێگەیان کراوەتەوە، بەڵام زیاتر لە 60 پڕۆژەیان لە هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ بووە و پشکی شێریان بەرکەوتووە .

موخلیس روونیشی کردەوە: لەم هەفتەیەدا بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی گەورەی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت، بەڵام ورەکاری ئاشکرا ناکەین تا پڕۆژەکە دەکرێتەوە و بەردی بناغەی بۆ دادەنرێت، وەلێ پڕۆژەیەکی گەورەی وەبەرهێنانە و گرنگیی خۆی دەبێت .

بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی کارەبا لە هەولێر دادەنرێت

لە پارێزگای دهۆك دەست بە دروستکردنی چوارەم نەخۆشخانەی تایبەت بە تووشبووانی کۆرۆنا کراوە و لە 30%ی ئەو پڕۆژەیە تەواو بووە و بەگوێرەی پلان لە کۆتایی مانگی داهاتوو ئەو نەخۆشخانەیە بۆ پیشوازیکردن لە تووشبوانی ئەو پەتایە ئامادە دەبێت. لەم بارەیەوە حەجی خالد، سەرپەرشتیاری ئەو پڕۆژەیە دەڵێت: لە ئێستادا لە 30%ی بینایەی نەخۆشخانەکە تەواو بووە و هەوڵەکانیان بە پەلە بۆ هەرچی زوو تەواوکردنی ئەو نەخۆشخانەیە خستووەتە گەڕ. هەرچەندە ڕێژەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە دهۆك بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کەمە، بەڵام وەك دکتۆر سیروان محەمەد، بەڕێوەبەری بەشی خۆپاراستن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی دهۆك رایدەگەیەنێت، وەك ئامادەکارییەك بۆ هەر پێشهاتێك و بە هاوکاری یو ئێن، دەستیان بە دروستکردنی چوارەم نەخۆشخانەی تایبەت بە تووشبووانی کۆرۆنا کرد.



دهۆک... دەست بە دروستکردنی چوارەم نەخۆشخانەی تایبەت بە کۆرۆنا کرا

بە دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە کردووە و بڕیارە لە کۆتایی مانگی هەشتی ئەمساڵ بەکۆتا بێت و پێشوازی لە نەخۆشان بکات.

تا ئێستا زیاتر لە 300 کەس لە سنووری پارێزگای دهۆك تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە، لەو ژمارەیەش 68 کەس بە تەواوی لە پەتاکە چاك بوونەتەوە.

بەر لە ئێستا هەریەك لە نەخۆشخانەی سووتان و جوانکاری، نەخۆشخانەی کاڤێن و نەخۆشخانەی لالاڤ تایبەت کرابوون بۆ چارەسەرکردنی تووشبووانی کۆرۆنا، ئەم نەخۆشخانەیەش دەبێتە چوارەم نەخۆشخانە کە تایبەتە بە پێشوازی کردن لە تووشبووانی پەتاکە و هەرچوار نەخۆشخانە لە یەك کاتدا دەتوانن پێشوازی لە زیاتر لە 200 تووشبوو بکەن.

لە پارێزگای دهۆك دەست بە دروستکردنی چوارەم نەخۆشخانەی تایبەت بە تووشبووانی کۆرۆنا کراوە و لە 30%ی ئەو پڕۆژەیە تەواو بووە و بەگوێرەی پلان لە کۆتایی مانگی داهاتوو ئەو نەخۆشخانەیە بۆ پیشوازیکردن لە تووشبووانی ئەو پەتایە ئامادە دەبێت. لەم بارەیەوە حەجی خالد، سەرپەرشتیاری ئەو پڕۆژەیە دەڵێت: لە ئێستادا لە 30%ی بینایەی نەخۆشخانەکە تەواو بووە و هەوڵەکانیان بە پەلە بۆ هەرچی زوو تەواوکردنی ئەو نەخۆشخانەیە خستووەتە گەڕ. هەرچەندە ڕێژەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە دهۆك بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کەمە، بەڵام وەك دکتۆر سیروان محەمەد، بەڕێوەبەری بەشی خۆپاراستن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی دهۆك رایدەگەیەنێت، وەك ئامادەکارییەك بۆ هەر پێشهاتێك و بە هاوکاری یو ئێن، دەستیان

پرسەنامە لە بارەگای بارزانییەوە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، لە خانەوادەی مەلا جەمیل عەلی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری ئایینی شاری هەولێر (مامۆستا مەلا جەمیل عەلی)مان بیست.

سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامیتان پێ ببەخشێت و خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا جەمیل بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات.

* * *

بەڕێزان، لە خانەوادەی پارێزەر ئامیق عەزیز حاجی سادق،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و پارێزەر (ئامیق عەزیز حاجی سادق)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانی.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە خانەوادەکەتان ببەخشێت.

* * *

بەڕێزان، خانەوادەی نەوزاد سابیر ئەحمەد

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی تیرۆرکردنی (نەوزاد سابیر ئەحمەد)مان لە شاری کەرکووک پێگەیشت.

سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین(نەوزاد سابیر ئەحمەد) بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و خزمانتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

مەکتەبی سیاسی سەرەخۆشی لە خانەوادەی کەمال عومەر کەریم دەکات

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، پرسەنامەیەك ئاراستەی خانەوادەی کەمال عومەر کەریم دەکات، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

بەڕێزان خانەوادەی کەمال عومەر کریم

خەمبار بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی دەڤەری پشدەر، خوالێخۆشبوو کەمال عومەر کەریم .

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم کەسوکار و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

هۆکاری کەمی ئاو لە هەندێک گەڕەکی هەولێر ئاشکرا دەکرێت

لە ڕوونکردنەوەیەکدا بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر و ئەندازەی پارکەکان دەڵێ: دوای ئەوەی لە بەشێک لە گەڕەکانی شاری هەولێر کێشەی کەمی ئاوی مانگان دروست بوو، لەلایەن تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر بەدواداچوون بۆ کێشەکان کرا، سەرەنجام دەرکەوت کە لەو شوێنانەی ئاویان نییە زۆربەی مانگان هێڵێکی نایاساییان ڕاکێشاوە بۆ نێو ئەو باخچانەی کە مۆڵکی حکومەتن و بۆ بەرژەوەندی کەسی بەکارهاتوون .

ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر دەڵێ: لەو هەڵمەتەی ڕامانگەیاندووە هەموو ئەو هێڵە نایاسییانەی ئاو دەبڕین بۆئەوەی سەرجەم هاووڵاتیان سوود لە ئاو ببینن .

هەر لەو ڕوونکردنەوە لە زاری ڕێبین ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان ڕاگەیەندراوە: تیمەکانی ئەندازەی پارکەکان هەڵدەستن بە لابردنی سەرجەم ئەو تەلەبەند و بەربەستانەی کە لەسەر زەوی سەوزایی و مۆڵکی حکومەت، کە بە نایاسایی دروستکراون کە لە زۆرێک لە گەڕەکەکان بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر و ئاژەڵ بەکاریدەهێنن، بۆیە بەلادانی بەربەستەکان سەوزایی و ئەو دار و دەرختەی چێندراون سوودی بۆ هەموان دەبێت .

کوالێتی نەخۆشخانە حکوومییەکان بەرز دەکرێتەوە



وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی بەرزکردنەوەی کوالێتی نەخۆشخانە گشتییەکانە و گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستییش دەڵێ، لە هەموو شارەکان گرنگیی زیاتر بە نەخۆشخانەی حکوومی دەدرێت بۆ چارەسەری تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

د. محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، ڕایگەیاند: نزیکەی 20 نەخۆشخانە لە هەرێمی کوردستان تایبەت کراون بە چارەسەرکردنی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەشێك لەو نەخۆشخانانەش لەلایەن خێرخوازانەوە دروست کراون و ژمارەیەکیش نەخۆشخانەی حکوومەتن، بەڵام ئێستا وەزارەت بڕیاری داوە نەخۆشخانەی نوێ دروست نەکرێت، چونکە کاتی پێویستە بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە نییە، بەڵکو بڕیار دراوە کوالێتی نەخۆشخانەکانی حکوومەت بەرز بکرێتەوە .

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەشڵێت: ئێمە لە هەموو پارێزگاکان نەخۆشخانەی حکوومیمان هەن کە بۆ چارەسەری کۆرۆنا بەکار دێن و پلانی وەزارەتیش ئەوەیە کوالێتی نەخۆشخانەکانی حکوومەت باشتر بکرێت و ئەو خەرجییەی لە نەخۆشخانەی نوێ خەرج دەکرێت، کوالێتی نەخۆشخانەکانی ئێستای پێ بەرز بکرێتەوە .

لەبارەی کەمیی ئامێری هەناسەدانی دەستکرد، د. محەمەد جەختی کردەوە: هەرێمی کوردستان کێشەی ئامێری هەناسەدانی دەستکردی نییە، لەبەر ئەوەی پێشتر لە هەرێمی کوردستان تەنیا 70 ئامێری هەناسەدانی دەستکرد هەبوو، کەچی لە ئێستادا زیاتر لە 200 ئامێری دەستکرد هەیە، کێشە لەوەدایە ئێمە خەڵکی پسپۆڕمان نییە بۆ بەکارهێنانی، لە هەموو جیهانیش ئەو کێشەیە هەیە و کەسانی شارەزا لە بواری بەکارهێنانی ئامێری هەناسەدانی دەستکرد زۆر نین .



پارێزگاری هەولێر:

ڕاستەوخۆ دوای جەژن دەست بە پڕۆژەی ئاوەڕۆی گەڕەکانی ڕۆشنبیری و هەشت هەزاری فەرمانبەران دەکەین

ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە 2020.7.19 د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، بەیاوەری مەسعود کارەش جێگری پارێزگار و نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی ناوەند و عەبدولواحید ئەحمەد سەرۆکی شارەوانی هەولێر و بەڕێوەبەرانی شارەوانییەکانی چوار و پێنج بەمەبەستی چاردەسەرکردنی ئاوەڕۆ و ئەو کێشەو گرفتانەی بەوهۆیەوە دروست بوونە، هەردوو گەڕەکی ڕۆشنبیری و هەشت هەزاری فەرمانبەرانی بەسەرکردەوە.

پارێزگاری هەولێر لە نزیکەوە سەردانی ئەو شوێنانەی کرد کە بەهۆی نەبوونی ئاوەڕۆ گرفتی زۆری بۆ دانیشتوانی ئەو گەڕەکانە دروستکردووە و بۆتە هۆی دروستبوونی گۆماو لەنێو کۆلانەکانی ئەو گەڕەکانە و ڕایگەیاند: "ئەگەرچی باری داراییمان سەختە، بەڵام بەهاوکاری



ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا‌وە ڕاستەوخۆ دوای جەژنی قوربان کەچەند ڕۆژێکی کەمی ماوە دەست بە چارەسەرکردنی ئاوەڕۆیی ئەم گەڕەکانە بکەین، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە کەژتۆتە نێو کۆڵانەکان و دانیشتوانی ئەم گەڕەکانەی هەراسانکردووە، بەڵێن بەدانیشتووانی هەردوو گەڕەک دەدەین دوای جەژن ڕاستەوخۆ دەست بەکارەکان دەکرێت و گرفتی ئاوەڕۆ و کێشەی ئەو گۆماوانەی بەهۆی نەبوونی ئاوەڕۆوە لەو گەڕەکانە دروست بووە چارەسەردەکەین".

پاشان پارێزگاری هەولێر، پڕۆژەی بەستانەوەی ئاوەڕۆی فەرمانبەرانی بەسەرکردەوە کە لەنێوان شەقامی 120م بۆ کۆرنیش دەست پێدەکات و لەسەر بوودجەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لە30% کارەکانی تەواو کراوە.

قۆرخکاری و گرانکردنی نرخی خۆراک لە هەولێر بە تۆندی سزا دەدرێت

بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر:

زیاتر کار لەسەر بەدواداچوون دەکەین بۆ چاودێریکردنی کۆگاکانی خۆراک



ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

هێمن سەید مراد بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر لە دیانەیەکدا بۆ خەبات دەڵێت: بەهاوکاری و هەماهەنگی لیژنەکانی قایمقامیەت و پۆلیسی شارەوانی و لیژنەی چاودێری تەندروستی بەردەوام بەدواداچوون بۆ شوێنە گشتییەکان و سوپەرمارکێت و مۆڵەکان دەکەین و لەهەر شوێنێک هەر سەرپێچیەک بەرچاو بکەوێت ئەوا خاوەنی شوێنەکە سزا دەدرێت و هەر دوکاندار و خاوەنی سوپەرمارکێتێک بازاڕ قۆرخ بکات و نرخی پێداویستی خۆراک لەسەر هاوواڵتیان گران بکات، ئەوا بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و لەهەمووی گرنگتر خۆپارێزی و پابەندبوونی هاوواڵتیانە بە ڕێنماییە تەندروستیەکانەوە.



هەبوونی 15 لیژنە بۆبەدواداچوون

" هێمن سەید مراد بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر، دەربارەی ژمارەی لیژنەکانیان گوتی: لەسنووری پارێزگای هەولێر 15 لیژنەمان هەیەو لەو ژمارەیەش 10 لیژنە لەناو سەنتەری شاری هەولێرن و پێنج لیژنەش سەربە قەزاکانی شاری هەولێرن، ئامانجی لیژنەکان بنبڕکردنی کەموکوڕیەکان و پابەندبوونی هاوواڵتیان بە ڕێنماییەکان و هەر لە لایەن لیژنەکانەوە ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ ئەو کاڵایانە دەکەن کە شیاونین لە ڕووی کوالیتی و بەکار هێنانەوە، جگە لەوەش ئەو خواردنانەی کە ماوەکەیان بەسەرچوو بێت، ئەوا کاریگەری خراپی بۆ سەر تەندروستی هاووڵاتیان هەیە، ئێمە زیاتر کار لەسەر بەدواداچوون دەکەین بۆ چاودێری کردنی کۆگاکانی خۆراک، لەبەر ئەوەی خۆراک لە کۆگاکانەوە دەچێتە بازاڕ و لای دوکانداران و سوپەر مارکێتەکان لەکاتی بەسەر کردنەوەی لیژنەکانمان بۆ کۆگاکان توانیومانە ژمارەیەک کۆگای خواردن دابخەین، لەبەر هەبوونی خۆراک و کەلوپەلی ماوە بەسەرچوو، لەلایەن لیژنەکانەوە ئەو شوێنانە سزای دارایش کراون،بەردەوام لیژنەکان سەردانی هەموو شوێنە گشتیەکان دەکەن، ئەگەرچی لە ئێستادا هاووڵاتیان ئاگادار دەکەینەوە کە ئەگەر هاتوو سەردانی مارکێتەکانیان کردپێویستە ماسک و دەستکێش بەکار بهێنن تا تووشی نەخۆشی کۆرۆنا نەبن، لیژنەیەکمان هەیە بۆ بەدواداچوون لەسەر فرۆشیاران و ئەوانەی کە سەوزە و میوە دەفرۆشن، چەندین شوێنمان داخستووە لەبەر پابەند نەبوونیان بە ڕێنماییەکان و نابێ بەهیچ شێوەیەک دوکانداران هەوڵی قۆرغکاری بدەن، لیژنەکان سەردانی گەڕەکانیش دەکەن بۆ بەدواداچوونی نرخەکان و کوالیتی خۆراک، داواش لە هاووڵاتیان دەکەین لەکاتی بینینی هەر گرانبوونێک یاخود هەبوونی خۆراکی ماوەبەسەرچوو، دەتوانن پەیوەنییان پێوە بکەن یاخود سەردانی ئێمە بکەن.

گرانکردنی نرخی مریشک

دواتر (بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر) دەربارەی گرانبوونی نرخی مریشک گوتی: ئەو گرانبوونە کاتییە و هەر مریشکفرۆشێک نرخی مریشک گران بکات، ئەوا بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و نابێ نرخی مریشک لە پرۆژەکانی بەخێوکردنی پەلەوەریش گرانبێت. لیژنەکانمان سەردانی هەموو ئەو شوێنانە دەکەن کە نرخی مریشکی لێ بەرز بۆتەوەو هەر کەسێک پابەندی ئەو ڕێنماییە تەندروستیانە نەبێ ئەوا سزای خۆی وەردەگرێت،لیژنەکانمان سەردانی بریکارەکانی خۆراکیش دەکەن و بەدواداچونیش بۆ سکاڵای هاووڵاتیان دەکەن و زۆر جار هەبووە لەسەر هەبوونی سکاڵای هاووڵاتیان سەردانی چەندین شوێنی گشتیمان کردووە تا لە نزیکەوە ئاگاداری نرخەکان و کوالیتی خۆراک بین. (بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر) باسی ئاماری ئەو چەند ماگەی بۆ کردین و گوتی: بەپێی ئەو ئامارانەی کە تۆمار کراون لەماوەی ڕۆژی 1/1/ 2020 تا ڕۆژی 1/7/2020 نزیکەی 103 شوێن داخراون و429 شوێنیش سزا دراون بە پارە و 145 تەن کاڵای ماوە بەسەرچوو دەستی بەسەردا گیراوە.



دیدار سابیر

تووشبوون بە کۆرۆنا شەرمەیە..؟!

پێناخۆش بێت یان ناخۆش، ئیدی ئەم ڤایرۆسە هەیەو ئەوەی لەسەر من و تۆ و کەسوکارەکەمانە ئەوەیە خۆمان بپارێزین تۆش پێش هەمووشت خۆت بپارێزەو لایەنی دەروونیت ئارام بکە، چونکە دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری ژیانی مرۆڤەکانی ئەم گەردوونە پەیوەندی بەلایەنی دەروونییەوە هەیە، هەر شتێك زۆر بیری لێ بکەیتەوە ئەوا زیاتر کارت لێدەکات و لەوەیە تووشت ببێت، بەڵام ئەو قسەش ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ پشت لە ڤایرۆسەکە بکەیت، بەڵکو دەبێ تاسەر ئێسقان خۆپارێزی بکەیت و پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بین و ئەوندە لێی مەترسێ، خوانەخواستە گەر تووشیش بووبت ئارام بگرەو پێت شەرم نەبێت و بەدزییەوە ئازاری نەخۆشییەکە مەکێشە، بەڵکو زوو کەسە نزیکەکانت ئاگادار بکەوە مادام تۆش تووشبووی کەسە خۆشەوستەکانت دایك باوکت ئەوان تاوانیان نییە تا بەهۆی تۆوە تووش بن.

بەشێك لەو کەسە خۆشەوستانەی کە تووشی ئەم ڤایرۆسەکە بوونە کە بەشێکیان هاوڕێی نزیکمن و سوپاس بۆ خودا کە ئێستا بەشێکیان چاکبوونەتەوەو بەگوتەی خۆیان وەك ئەوەی خەڵك باسی دەکات و لێی دەترسێت، بەمجۆرە نییە، ڕاستە لەسەرەتای تووشبوونەکە دوو تا سێ ڕۆژ بێتاقەت دەبیت و تووشی هەناسەتەنگی و سەرئێشەیەکی تۆند دەبیت، بەڵام ئەگەر ورەت بەرزبێت، ڕۆژی چوارەم و پێنجەم بەرەو باشی دەچیت، مرۆڤی ئاسایی زۆرجار کاتێك تووشی هەڵامەت دەبێ یاخود تووشی کۆکەیەك دەبێت جاری وا هەیە نزیکە بیست تا سی ڕۆژی پێدەچێت تا دێتەوە باری ئاسایی خۆی بۆیە تەنیا ورەت بەرز بێت و پێت شەرم نەبێت ئەگەر تووش بوویت هەموو شتەکان لەبەرژەوەندی تۆ تەواو دەبێ.



وەزارەتی کشتوکاڵ: چەند بازاڕێکی میللی بۆ ساغکردنەوەی بەروبومی جووتیاران دروست دەکرێن



گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاشکرای کرد پلانیان بۆ دروستکردنی چەند بازاڕێکی میللی بۆ ساغکردنەوەی بەروبومی جووتیاران داناوە و بڕیاریشە چەند کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت بەروبومی جووتیاران بکڕنەوە و هەنارەی دەرەوەی بکەن.

حوسێن حەمەکەریم، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وتی: چەند کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ ئەوەی بەروبومی جۆراوجۆری سەڵانەی جووتیاران بکڕنەوە و لەسەر خواستی پێویستیی وڵاتان و دوای پشکنین و پەسندکردنی نموونەیەک لێیان، هەنارەی وڵاتەکەی بکەن .

گوتیشی: جگە لەوەش دروستکردنی چەند بازاڕێکی میللی لە شار و شارۆچکەکان لە پلانی وەزارەت دایە کە شوێنێک دەبن بۆ ئەوەی جووتیاران ڕۆژانە بچنە ئەو بازاڕە بێ ئەوەی کرێت و باج بدەن بەروبومەکانیان ڕاستەوخۆ بە هاووڵاتییان بفرۆشنەوە . گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ باسی لەوەش کرد: چەند پلان و بەرنامەیەکی دیکەی بووژانەوەیان بۆ کشتوکاڵ داناوە و چاوەڕێی ئاساییبوونەوەی بارودۆخی تەندروستی و دارایی دەکەن بۆ ئەوەی بە چەند قۆناغێک بیانخەنە بواری جێبەجێکردنەوە .

قەوارەی هەرێمی کوردستان کیانێکی دەستورییە کە بەخوێن و فرمێسک بەرهەم هاتووە

خەبات: تریفە تازاد

قەوارەی هەرێمی کوردستان واتا باشوری کوردستان، دەستکەوتی خەباتی چەندەهاساڵەی باب و باپیرانمانە، ئەنجامی خەبات و خوێنی سەدان هەزار پێشمەرگە و فرمێسکی سەدان هەزار دایك و خێزانی شەهیدانە، قەوارەی هەرێمی کوردستان ئەنجامی خوێن و هەنیسك و گریان و هەناسەی ساردی شەهید و بەکەوتەی کیمیاباران و ئەنفال و بێ سەروشوێن کراوانە. سەرەڕای هەموو ئەمانە لە رووی یاساییەوە و بەپێی بڕگەیی یەکەمی مادەی(117)ی دەستوری عێراقی فیدرال هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە کە ساڵی 2005 هەموو‌خەڵکی عێراق دەنگی لەسەر داوە، کەسانێکی کاڵفام و سیخور و خۆفرۆش بۆیان نییە تەنانەت لە گوڵ کەمتر لە هەرێمی کوردستان بگرن، ئەگینا بەرپرسیاردەبن لە هەڵوێستی تێکدەرانەی خۆیان. کێ مافی بەو چەند خۆفرۆشە داوە کەداوای هەڵوەشاندنەوە و فرۆشتنی خاکی کوردستان بکەن؟!. ئەوکاڵفامە خۆفرۆشانە بەچ رووێکەوە داوای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەیەکی دەستوری ولاتێك دەکەن؟!. لەم رووەوە لێرەدا راوبۆچوونی چەند پسپۆر و شارەزا و چاودێرێکی سیاسی دەخەینەروو.



گرنگی قەوارەی هەرێمی کوردستانی لە ڕوانگەی یاسایی و دەستوری

ئەو کەسانەی داوای هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن لە ڕوانگەی یاسایی دەبێت سزا بدرێن، لەم بارەیەوە قەرەمان عوسمان ماستەر لە یاسای نێودەوڵەتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەوانەی کە بانگەشە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن، خۆشیان باوەڕیان بە خۆیان نییە، چونکە دەزانن کە بە گوێرەی دەستوری کۆماری عێراق بۆ ساڵی 2005 ئەستەمە قەوارەی یاسایی و سیاسی هەرێم هەڵبوەشێتەوە، ئەم جۆرە لێدوانانە بۆ ئیمەی یاسایی هیچ نرخێکیان نییە و، تەنها وەك پروپاگەندەیەکی ڕاگەیاندن و هەوڵی سیاسییەکان بۆ گەوجاندنی عەوام دێتە بەرچاومان. چونکە قەوارەی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی بڕگەی یەکەم لە مادەی (117) لە دەستوری کۆماری عێراقدا دانی پێدا نراوە و ئێستا بۆتە بەشێکی دانپێنراو لە ڕووی یاساییەوە لە چوارچێوەی عێراقدا و، ئەم دەستورەش لە لایەن گەلانی عێراق بە کوردیشەوە دەنگی بۆ دراوە و قبوڵ کراوە، بێگومان ئەگەر ئەم مافە کە داننانە بە فیدڕاڵییەتی هەرێمی کوردستان لە دەستور نەچەسپێندرابا کورد دەنگی بۆ دەستور نەدەدا.

لە دەقی مادەدەستوورییەکەدا هاتووە:

(أولاً- يقر هذا الدستور، عند نفاذه، إقليم كردستان وسلطاته القائمة، إقليماً اتحادياً).

واتە: (ئەم دەستورە لە کاتی جێبەجێ بوونیدا دانەنێت بەوەی کە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی کە هەن، هەرێمێکی فیدڕاڵییە).

لە بڕگەکانی دواتر لە هەمان مادە ئاماژە بۆ چۆنیەتی دروست بوون یاخود پێکهێنانی هەرێمی تازە کراوە لە چوارچێوەی سیستەمی فیدڕاڵی عێراقدا دەکا، بەڵام باسی هەڵوەشاندنەوەی هەرێمەکان نەکراوە. بۆیە بەگوێرەی ئەم دەستورە هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی یاساییە و هەڵناوەشێتەوە، تەنها ئەگەر دەستور هەموار بکرێتەوە یان بگۆڕدرێت، کە ئەمەش ئەستەمە و بێگومان وەك ئەوەی لە دەستوردا لە مادەی یەکەمیدا هاتووە: (ئەم دەستورە زامنی یەکپارچەیی عێراقە)، بۆیە هەر دەستکاری و هەمواڕێك کە دژی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستوردا ئەنجام بدرێن، دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کێشەی گەورە لە نێوان هەرێم و بەغدا.

قارەمان جەوهەر:

قەوارەی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی بڕگەی یەکەم لە مادەی (117) لە دەستوری کۆماری عێراقدا دانی پێنراوە.



بەر لەهەموو شتێك ئەو کەسانەی کە بانگەشەی لەناوبردنی هەرێمی کوردستان دەکەن، پێشێلی خودی دەستوری هەمیشەیی عێراق دەکەن، چونکە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدڕاڵییە لە چوارچێوەی دەستوری عێرقدا دانی پێدانراوە، هەمان بەهانەیەکی یاسایی بۆ کورد کە داوای جیابوونەوە لە عێراق بکات، بۆیە وەك یاساییەك بەگوێرەی دەستوری عێراق باوەڕم وایە کە هەرێمی کوردستان ئەو کاتە هەڵدەوەشێتەوە کە بەرەو سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق بچێت، ئەگەرنا هیچ هێزێك نییە ئەم قەوارەیە هەڵوەشێنێتەوە و، لێدوانی بێ سەروبەر و بێ بنەما ئەوەندە ناهێنێت گوێیان بۆ بگرین، ئەوانە تەنها مەبەستیان تێکدانە، ئەگەر هیچیشیان لە دەست نەیەت، هەوڵدەدەن شەرزەیی و دڵەڕاوکێ بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی ئاسایشی بیر و ناخی خەڵکی تێکبدەن.

ئەوانەی دەستوور پێشێل دەکەن، پێویستە سزا بدرێن

دکتۆر مەیادە نەجار ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستییە دەزانن ئەو بەناو پەرلەمانتارانە لەپێناوی چیدا ئەم کارە دەکەن، کێ هاوکارییان دەکات و چ پاڵپشتییەکیان هەیە، بەڵام مەترسی لەسەر ئەوەیە کە ئەوان بە هەڵەدا دەچن و بە خەیاڵی خاوەن هێز و دەسەڵاتن، بەڵام ئەوە بزانن کە ئەوان هیچ نین و هیچ ناکەن، ئەوان تەنها دەنگی خۆیان هەیە و بەس، ئەوان هیچ هێزێکی چەکداریان نییە، ئەوان هیچ هێزێکی ئەمنیان نییە، ئەوان هیچ هێزێکی سیاسیان نییە، ئەوان هیچ هێزێکی ئابووریان نییە، ئەوان هیچ هێزێکی ڕاگەیاندنیان نییە، ئەوان هیچ هێزێکی دیپلۆماسیان نییە، ئەوان هیچ هێزێکی ئەوتۆیان نییە کە بتوانن ئەو کارە بکەن، ئەوان تەنها دەنگی خۆیان هەیە و بەس، ئەوان تەنها دەنگی خۆیان هەیە و بەس، ئەوان تەنها دەنگی خۆیان هەیە و بەس



مەسرور بارزانی ب وردیەک بەرز و بەرنامەک توکمە دەست ب خزمەتێ کریە



شڤان غازی

ب خوین گەرمی ب دلەك ساف و زەلال دەست ب کارێ خو کریە، ئەم هەمی دزانین هەر ل دەست بکاربونا وی کومەکا قەیرانان هەبوویە، هەر ب وەرگرتنا پوستێ سەروك وەزیران ب رژدی هاتیە سەر خەتی و هێدی هێدی یێ ئاریشا دیف ئاریشێ چارەسەر دکەت، هەژیە بێژم کو تشتێ دلێ خەلکێ کوردستانێ پێ خوشکەری، ئێکەم پێنگاڤا وی دەمێ دەست بکاربووی ئەوە کو گەندەلی هەشتێ سەدێ بنبر کریە، ئەڤە راستیەکە دڤێت بێژین، هەر ریدانەکا ل کوردستانێ هاتیە پێش ب جانترین شێواز و ب دیاربوونا حکومەتەکا بهێز مەسرور بارزانی پشتەڤانیا خەلکێ کوردستانێ کریە، مینا لافاویّت دهوك و هاتنا نەخوشیا کورونا و ئینانا پێش فەرمانا فەرمانبەرێت کاتی بهێتە دامەزراندن و مووچە ب رێك و پێکی دهاتن و... هتد.

ئەڤێ چەندێ نیشانێت سەرکەفتنێ ب حکومەتێ دیارکرن ، مینا بریارا حکومەتێ بو چاکسازیێ ژبو نەهێلانا دوو موچا و پێهەل و بن دیوارا و... هتد، لەورا کەسانەك نەحەز هەبوون بڤان هەمی پێنگاڤا دلگران بوون و هەولدان گیر و گرفتا چێکەن. وە پشت راست دکەم مەسرور بارزانی ژبلی خزمەتکرنا گەلێ کوردستانێ چ نیەتەك دی نابیت و دڤێت هێدی هێدی ئەو گرفتێن هەین ل گورەپانا کوردستانیان بدەستڤە ئینیت و دێ چینە قوناغەك بهێزتر و دێ مللەتێ کوردستانیان هەنە لێ بابەتێ مە گرێدایی پێناسە وجور وبەرهنگاریێن قەیرانایە . قەیران ئەوە کو رەوشەکا نەخوازراو ب سەر مللەتەك یان وەلاتەکی یان دەولەتەکێ یان حکومەتەکێ یان پارتەکێ یان باژێرەکی یان گوندەکی یان خیزانەکێ یان کەسەکی یان هەر جهەکی دا بهێت . زور جورێن قەیرانان هەنە ئەو ژی جەنگ و شەرێن گران ومەزن چ یێن دەرڤەیی بن یان یێن ناڤخویی بن وپەیدا بونا کوچبەریا بکوم چ کوچبەریا ئابوری ودارایی بیت چ کوچبەریا سیاسی وهزری بیت و لافاو و باهوز و باروڤە و ئەرد هەژین و هریانا عەردان وڤولکان وبیەلەرز و وستن و ئاگر بەربون و ڤایروس و ئیشێن ترسناك وڤەگر مینا تاعون وکولیرا و ئایدز ودیناتیا چێلا وبەرسیڤا بەرازا و پەرسیڤا بالندا و ئیبولا و هەر دیسان نەهاتنا بارانان وهشکە سالی وهتد .. و ڤایروسێ نوکە کورونا کو ناڤێ وی یێ زانستی کوڤید19 . زانا وشارەزایێن جیهانی قەیرانان لسەر سێ قونافان پێناسە دکەن لێ بەلێ بەشێ هەرە گرنگ یێ زانایا شارەزا وزانا (ریشارد بروك –Richard brook) دبێژیت قوناغێن کارکرنێ دگەل قەیرانان ب (4) چوار قوناغان ناڤ دبەت و دەست نیشان دکەت ئەو ژی (قوناغا لێکدانەو تقدیر - قوناغا پلاندانانێ – قوناغا چونا دناڤ دا ئانکو قوناغا مایتێکرن – قوناغا چارەسەریا قەیرانی) , هە وەسا هندەك بوچونێن دی هەنە ژلایێ شارەزا وزانایان (دانی کوکس – Dany Cooces) و (جوون هوڤر – Goan hoover) کو بوچونێن وانان و بتایبەت یێن دانی کوکس کو قوناغێن قەیرانان ب (7) حەفت قوناغان ناڤ دبەت وتەخمین دکەت ئەو ژی (دامەزراندنا تیمەکا کارکرنێ – دەست نیشان کرنا ئارمانجان –پلاندانان دەدەمێ قەیرانان دا – بلند کرنا وڕەیان ئانکو معنویاتا – داهێنان ونویاتی دەدەمێن هەلویستێن بەرتەنگ دا – چارەکرنا پرس وئاریشان دەدەمێن قەیرانان دا – گوهورین دەدەمێن قەیرانان دا) هەر دیسان جون هوڤر قوناغێن قەیرانان تەخمین دکەت ب (6) شەش قوناغان ودبێژیت (خودویر کرن ژ قەیرانێ – دان پێدان ب هەبونا قەیرانان – احتواو .چارەسەرکرنا قەیرانێ – تسویە .پاککرن یان رێکخستنا قەیرانێ – مفا وەرگرتن ژ قەیرانێ) زور راو بوچونێن جودا جودا هەنە لێ یا ژ هەمیان گرنگتر وباشتر ئەڤە نە یێن لسەری مە باس کریں و یێن بوینە بنچینەك بهێز ژبو کارکرنەکا راستە وراست لدەمێ پەیدا بونا قەیرانان کو پتریا وەلاتێن جیهانێ ڤان خالێن باس لێ هاتینە کرن پەیرەو دکەن ژبو بەرهنگاربونا قەیرانان لدەمێ ل وەلاتێن وان روی دەدن . ل وەلاتێ مە کوردستانێ کو لسەر دەمێن بەرەبابێن چوویی ئانکو بوری مینا باب وباپیرن مە هەر دەم هزرا بەرسینگگرتنا قەیرانان کریە وبەرسینگێ قەیرانان گرتیە و هزرێن باش هەبوینە وکار لسەر کریە وپەیرەو کرینە وهزرێن باب و باپیرێن مەزن و شارەزا و بسپورێن گەلێ کورد ببونە بنچینەك و بنەکوکەك بهێز و لسەر دچون و خوە بڕێڤە دبر مینا هندەك پروتوکول وخالان بون و پەیرەو دکرن وکار لسەر دکرن بو نمونە , لسەر دەمێن باب و باپیرێن مە هزر دقەیرانان دا دکرن وژئالیێ کارگێری ڤە بانێ خو کا دکر ودقوتا ودگێرا وملهێب وبەفری وباگوردان ومەر وشالوك و تەفشی وهسان ومەر وبێر وتەڤر وشەنەکە وترپان و وداس وبڤر و هەمی ئالاڤ و پێتڤیێن روژانە دروست وبەرهەڤ دکرن بو هەردو ئانکو هەمی وەرزان .

ئەو بنەمایانەی بارزانیی نەمر چەکی لە پێناودا هەڵگرت



سوورە مەرگەیی

هەڵگرتنی چەك دوو شێوازی هەیە، ئەگەر چەك هەڵگرتنەکە بە مەبەستی شۆڕشگێڕی و بۆ بەرگری کردن لە گەل و وڵات و لە پێناو رەتکردنەوەی ژێردەستەیی و کۆتاییهێنان بێ بە زوڵم و ستەم، هەم رەوایە و هەم ئەرکیشە، خۆ ئەگەر بە مەبەستی غەدر و بۆ مەرامی تایبەتی بێ هەم ئاژاوەگێڕی و هەم خیانەتیشە، بارزانیی نەمر یەکێك لەو شۆڕشگێڕە هەڵکەوتە و بەناوبانگانە بووە کە لە سەرەتای دەرکەوتن و هەڵکشانی بەرەو لاوێتی، زوڵم و ستەمی سەر گەلەکەی وای لێکردووە چەك هەڵگیرێ، پرسیارەکە ئەوەیە بارزانیی نەمر لە کام جۆری چەك هەڵگر بووە و لە پێناو چیدا پەنای بۆ هەڵگرتنی چەك بردووە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، جا ئەگەر بەڵگە مێژوویییەکان بکەینە سەرچاوەی وەڵامی پرسیارەکەمان، دەگەینە ئەو راستییەی کە بارزانیی نەمر چەك هەڵگرتنی کردە وەڵامی ئەو زوڵم و غەدرەی بە درێژایی مێژوو لە کورد کراوە، واتا چەك هەڵگرتنەکەی بە مەبەستی شۆڕشگێڕی و بە ئامانجی رەتکردنەوەی زوڵم و ستەم و بۆ بەرگری کردن بووە لە گەل و وڵات، ئەو بنەمایانەش کە بارزانیی نەمر لە چەك هەڵگرتنەکەیدا کردیە ئامانجی خەبات و قوربانیدان ئەو راستییەی سەرەوە پشتڕاست دەکەنەوە.

1- رەتکردنەوەی ژێردەستەیی.

2- کوردستان یان نەمان.

3- کورد سەپانی باوکی کەس نییە.

4- ئەگەر خەبات کردن گرانە، خیانەت نەکردن ئاسانە.

کاتێك هەڵوێستە شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەکانی بارزانیی نەمر و سیاسەتی داگیرخوازیی داگیرکەرانی کوردستان لەبەریەك رادەنێین، ئەو راستییەمان بەرچاو دەکەوێ کە بارزانیی نەمر خەباتی رزگاریی نیشتمانی کردۆتە کاردانەوەی ئەو سیاسەتە و هەڵوێستی رەتکردنەوەی ژێردەستەیی بە پیرۆزترین ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی زانیوە و بە درێژایی تەمەنیشی خەباتی بۆ کردووە و قوربانی بۆ داوە.

کاتێك دەڤەرموێ کوردستان یان نەمان، ژان و کوردستانی بەیەکەوە گرێداون و ئامەژەیە بۆ داگیرکراوی کوردستان و داگیرکراوی کوردستانیشی بەستۆتەوە بە نەمانی کورد، چونکە پێناسەی ژیان لای بارزانیی نەمر و تەواوی شۆڕشگێڕانی سەربەخۆخواز بڕیاردان بووە لە بە ئازادی ژیان، ئەوەش وایکردووە نەمان لای ئەو ئەوە نەبووە بتخەنە ناو گۆڕ، بەڵکو نەمان لای بارزانیی نەمر ژیانی ژێردەستەیی بووە و نەمانی لە پێناو رزگاریی کورد و سەربەخۆییی کوردستان بە ژیانی هەتایی زانیوە، واتا رزگاریی کوردستان و ژیانی کوردی بە یەکەوە گرێ داون، کەواتە چەك هەڵگرتنی لە پێناو رزگار کردنی کوردستاندا بووە.

کاتێك دەڤەرموێ کورد سەپانی باوکی کەس نییە، ئاماژەیە بۆ بوونی چەوسانەوەی کورد و ئەو زوڵم و ستەمەی بە درێژایی مێژوو لێی کراوە، لە هەمان کاتدا ئاماژەشە بۆ ئەوەی کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی تر خاوەنی خۆی و بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی خۆی بێ، نەك کەسانی تر ببنە خاوەنی و بەرهەمی رەنج و ماندووبوونەکەی بە تاڵان بەرن، کەواتە چەك هەڵگرتنەکەی لە پێناو رەتکردنەوە و نەهێشتنی زوڵم و ستەم و چەوسانەوە و گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی کورد بووە.

کاتێکیش دەڤەرموێ ئەگەر خەبات کردن گرانە، خیانەت نەکردن ئاسانە، لە ئەنجامی ئەزموونی شۆڕشگێڕیی خۆی و لەبەرچاوگرتنی خەباتی رزگاریی نیشتمانی گەلانی ژێردەستە، لەو راستییە گەیشتووە کە هەموو کەس توانای خەبات و تێکۆشانی نییە، وەك لە فەرموودەکەیدا دەردەکەوێ خیانەت نەکردنیشی بە جۆرێك لە خەبات و تێکۆشان داناوە، بەوەش ویستوویەتی هەم خەڵکی کوردستان لە خیانەت کردن دوور بخاتەوە، هەمیش رێگە لەوە بگرێ کە هەموو داگیرکەرانی دونیا لە روو بەڕووبونەوەی خەباتی رزگارخوازیی گەلانی ژێردەستەدا پەنایان بۆ لەداوخستنی بەشێك لە ژێردەستەکان بردووە و بە پێدانی دەستکەوتی کەسیی تووشی خیانەتیان کردوون و بە گژ شۆڕشگێڕانی وڵاتەکەی خۆیانیاندا کردۆتەوە.

ئەو بنەمایانەی بارزانیی نەمر چەکی لە پێناودا هەڵگرتن و کردنیە کارنامەی خەبات و شۆڕشگێڕی و زنجیرەیەك شۆڕشی لە پێناودا هەڵگیرساندن، تا ئێستاش لای کورِ و نەوە و هەموو شوێنکەوتووانی بووەتە کلتوور و هیچ هێز و پیلانگێڕییەك نەیتوانیوە دەستبەرداری ئەو بنەمایانەیان بکات، بەرگرییەکانی ئەمڕۆی سەرۆك بارزانی لە دەستکەوتەکانی ئێستا و هەوڵەکانی بۆ رزگاریی کورد و سەربەخۆیی کوردستان، هیچ گومانێك لەسەر ئەو راستییە ناهێڵن کە رەتکردنەوەی ژێردەستەیی و کوردستان یان نەمان و کورد سەپانی باوکی کەس نییە و شاندانەبەر باری گرانی خەبات کراونەتە کارنامەی رێبازەکەی.

قەیران ددەمێن جودا دا



خالد ئەحمەد بادی

(پشکا 1)

هەر کارەکی دەم و بەرنامە ودیروك وپێناسەك هەیە , قەیرانان ژی پێناسە ودیروکەك مەزن و بەرچاڤ هەیە دجیهانێ دا وهەر وەسا دهەمی وەلاتان دا وتا کو دگەهیتە کوردستانا مە ژی . زور ئاخفتن و سەربور و جور لسەر

ئەم ڕۆژانە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئەوەی ئەنجامی دەدات، تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەی و کۆمەڵێك بەرژەوەندی تایبەتی کەسی و حزبی کار دەکات، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە بشارێتەوە، هەوڵ دەدات بە هەموو شێوەیەك ئەو ڕاستییە بشێوێنێت و بیسڕێتەوە، بۆیە ئەو

وون بوون

کۆلێژی تەکنیکی ئەندازیاری بەشی ڕێگاوبان بەناوی محمد عمر همزه وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مؤلەتی لێخوڕینی نۆتۆمبێل جۆری عمومی هەولێر بەناوی سەروان چەتو رشید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ٤ ژمارەی پسوولە ٠٦٨٥٣٧٦ ڕێکەوت ٢٠١٨/٥/٢٤ بەبری ٢٥٠٠٠٠ بەناوی عبدالله احمد صوفی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی دوو هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٣٣٤٣٨ بەڕواری ٢٠١٩/٨/٢٥ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی شوان مصطفی صالح وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

المديرية العامة للدوائر العدلية
مديرية تنفيذ زاخو
العدد/ ٢٠٥/تنفيذ/٢٠١٩
التاريخ/ ٢٠١٩/٤/٢٢
الدائن/ نهاد جعفر مير محى
المدين/ شڤان فريق مير محى
اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع السيارة المرقمة (١٠٩٥٩٦) دهوك - خصوصي نوع كاميري اللون نيلي موديل ٢٠١٣ اوتوماتيك لقاء الدين البالغ (٢٤٤٨٠٠٠٠) اربعه و عشرون مليون و ثمانمائة الف دينار عراقي فقط في الاضبارة التنفيذية المرقمة ١٤١/تنفيذ/٢٠٢٠ و المنفذة في هذه المديرية فعلى الراغب بالشراء الحضور امام هذه المديرية في تمام الساعة العاشرة صباحا في اليوم العاشر من اليوم التالي للنشر مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة البالغة (٢٤٤٨٠٠) دينار عراقي، و كذلك أبراز شهادة الجنسية العراقية علما أن رسم التسجيل و الدلالية على المشتري.

جێبەجێکاری دادی زاخو/ سلیمان علی حسن
٢٠٢٠/٧/١٩

***

مديرية الجنسية والاحوال المدنية لمحافظة أربيل
شؤون الاحوال
الواقعات
العدد: ٤٠٧٠
التاريخ: ٢٠٢٠/٥/١٩
اعلان

قدم المواطن (بابه شيخ احمد احمد) طلب في هذه المديرية تسجيل لقبه (رايەتی) فمن لدية اعتراض مراجعة هذه مديرية خلال عشر يوما من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية وبعسكه فسوف تنظر هذه المديرية في الدعوى وفق احكام المادة ٢٤ من قانون البطاقة الوطنية رقم (٣) لسنة ٢٠١٦.

ع/اللواء الحقوقي/نشأت إبراهيم شلال
مدير العام للمديرية الأحوال المدنية والجوازات والإقامة/وكالة

***

مديريه الجنسيه والاحوال المدنيه لمحافظه اربيل
الواقعات
رقم:٤٥٤٥
تاريخ: ٢٠٢٠/٧/١٩
اعلان

قدمت المواطنة (عيراقی عبدالستار محی الدين) دعوى فی هذه مديريه لتبديل الاسم من (عيراقی) الی (نەفەس) فمن لديه اعراض مراجعه هذه مديرية خلال ١٥ ايام من تاريخ نشره فی الجريده و بعكسه فسوف تنظر هذه المديريه فی الدعوى وفق احكام الماده ٢٢ من قانون البطاقه الوطنيه رقم ٣ لسنه ٢٠١٦.

ع/ اللواء/ رياض جندی عبدالكاظم
مدير الاحوال المدنية و الجوازات و الاقامة/ وكالة

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٦٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٦٦) ك (٣) حجران ڕێگای گشتی (هەولێر- شەقلاوە) بەمەبەستی دروست کردنی دوکانی ڕوون گۆرو مارکێت بۆ ماوەی (١٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی:٩٥/ش/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٦/١٠
جاڕدان
بۆ داوالێکراو (فلاح محمد علوان)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (وسن مظهر حەادی) داوای ژمارە ٩٥/ش/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە، کەتیایدا داوای (تفریق للهجر) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (الصینة/ البیجی) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٨ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمەلە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٥٥١/٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٥
بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر محمد محسن ابوبکر بریکاری زبیر سایل حمدامین)
هۆشدار لێکراو: (جمعه اکینجی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای اکنجلر)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر محمد محسن ابوبکر بریکاری زبیر سایل حمدامین) بە ژمارە (١٠٣/٢٠٥٠٤) لە ٢٠٢٠/٦/١١ بەمەبەستی هۆشداری کردنت، دانی بڕی (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی بە بریکاردەرم ئەویش دوای واژوو کردنی گرێبەستی نێوانتان بڕی (٨٥٠٠٠٠) هەشت سەدو پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی بدەیت بە بریکاردەرم تا بەرواری ٢٠٢٠/١/١ کە کۆی گشتی دەکاتە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کە تا ئێستا هیچ بڕە پارەیەکت نەداوە بۆیە هۆشداریت دەکەین لە ماوەی ٧ حەوت ڕۆژدا لە ڕۆژی پێراگەیاندنت ئەو بڕە پارەیە ئامادە بۆ کراوەی سەرەوە بدەی بە بریکاردەرەم وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەگوێرەی ئیشعاری موختاری گەڕەکەکانی (سەربەستی، ڕۆیال تاوەر ، گوندی ایطالی یەك، گوندی ئینگلیزی ، ڤیتال و MRF) لە شاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٧/٨ بۆیە بەفەرمی لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەیی بڵاوە دەکەینەوە.

شوان فوزی زکی/ ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر

***

سەرۆکاتیا دادگەها تێهەڵچوونا ناوچا دهوك
ژمارە/٦٩/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/١٥/٧/٢٠٢٠
ئاگەهداری

بو/داوالێکراو (محمد یوسف احمد) جهێ ئاکینجی بوونی نەدیارە بریار هاتە دان ژلای ڤێ دادگەهی دکیشا ژمارا وی ل سەری دیارکری ب رابردو ویا بەردەوام (نفقة ماضية ومستمرة لها ولاطفالها) یا داواکار (فاطمه عبدو الحسن) وزاروکیت وی یت ناکام هەر ژ ئیك (هدیه ل دایك بووی ٢٠٠٩/١١/١ ویاسمین ل دایك بووی ٢٠١١/١١/١ ونور ل دایك بووی ٢٠١٢/٦/١١ وجیهان ل دایك بووی ٢٠١٥/١/٨ ویوسف ل دایك بووی ٢٠١٨/٣/٣) ژ تە دکەن وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ کومەلگەها دومیز کەمپا دومیز یا پەنابەرین سوری ئەف بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداچوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە ڕۆژا ژبەلافکرنا ڕۆژنامێ بەرۆڤاژی بریار دێ دومahیك ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی

دادوەر/ زیرك محمد صدیق عبدالكریم

***

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/١٦٠/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/١٥/٧/٢٠٢٠
ئاگەهداری

بۆ داوالێکەراو (موسی محمد خلف)
جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە

داواکار (نیرکز احمد عبدی) تێدا داخازا ژێك جوودابوون(تفریق) ژ تە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ کومەلگەها دومیز کمپا دومیز یا پەنابەرین سوری ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەبیین ڕۆژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر دە ل سپیدەهیا ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٩ ول بەرۆژڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقی تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن

دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالكریم

***

دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە/٤٦٣/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت/٧/٦/٢٠٢٠
بۆ/داوالێکراو (زیدون عماد صبیح)
ب/ ئاگاداری

داواکار (کاسب حبیب شعبان) داوای ژمارەی (٢٦٧,٦٤)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە ڕێ نە ئاف و نە کارەب.

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

***

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٣٠/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٣٠
ئاگەهداری

لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣٣٠/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شيوع) ژ ئاگارێ ژمارە (١٠٠٢/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا دەست پێدکت ژ ڕۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕۆژنامێن ڕۆژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکات داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کۆژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٢٥٠٠٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاگاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاگاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

سەخلەت:

جورێ ئاگاری مولکینی یە و ڕەگەزێ وێ عەردە (عرصة) ڕووبەرێ وێ (٢٥٠)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە ڕێ نە ئاف و نە کارەب.

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

***

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣١٧/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٣٠
ئاگەهداری

لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣١٧/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شيوع) ژ ئاگارێ ژمارە (١٠٠١/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا دەست پێدکت ژ ڕۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕۆژنامێن ڕۆژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکات داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کۆژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٣٤٠٠٠٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاگاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاگاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

سەخلەت:

جورێ ئاگاری مولکینی یە و ڕەگەزێ وێ عەردە (عرصة) ڕووبەرێ وێ (٢٥٠)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە ڕێ نە ئاف و نە کارەب.

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

***

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٣٠/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٣٠
ئاگەهداری

لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣٣٠/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شيوع) ژ ئاگارێ ژمارە (١٠٠٢/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا دەست پێدکت ژ ڕۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕۆژنامێن ڕۆژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکات داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کۆژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٢٥٠٠٠٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاگاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاگاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕوژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.

سەخلەت:

جورێ ئاگاری مولکینی یە و ڕەگەزێ وێ عەردە (عرصة) ڕووبەرێ وێ (٢٥٠)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە ڕێ نە ئاف و نە کارەب.

دادوەر/ یوسف الیاس سدن

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سێمێلێ
ژمارە: ١٠/خ موحدە/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٧
ئاگەهداری

ڕێڤەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە ١٣٦٦٤/١ کەرتی ٤١ کری بانی یا قەزردار (دینار عمر محمد) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠) سیە ڕۆژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕۆژا پاشتر ژ بەلاڤکرنێ و دڤێت تەئیمناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە ١٠٪ ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی و بوزانین ڕەسمێ لیسەندنی و دەلالیێ لسەر بکری نە.

ڕوونکرن:-
١- ژمارە و جۆ (١٣٦٦٤/١ کەرتی ٤١ کری بانی - تاخی دارا قسبی)
٢- ڕەگەز و جۆر: خانیێ ئاکنجیبونێ ئیك تابقە
٣- ڕووبەر: (٢٨٥,٦٨م٢)
٤- بهایێ هاتیە دانان: (٥٧,٨١٠,٠٠٠) پێنجی و حەفت ملیون و هەشت سەدو دە هزار دیناری عیراقی.

جێبەجێکاری داد/ ریبر سلمان خالد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٧/١٨٤٢
ڕێکەوت/١٣/٧/٢٠٢٠
جاڕدان

بۆ داوالێکراو امولە امل هەزار
شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە ٦٠٠٠/ش/٢٠١٩/٢ وە لەبەرواری ٤/٣/٢٠٢٠ بڕیاریدا لەسەر (تصديق الطلاق) لەنێوان تۆ و داواکار دلدار یاسین طە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی رزگاری کوران بۆیە دادگا بریاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسین کریم

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە: ٦٠٠٠/ش/٢٠١٩/٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٣
جاردان

بۆ داوالێکراو امولە امل هەزار
شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە ٦٠٠٠/ش/٢٠١٩/٢ وە لەبەرواری ٤/٣/٢٠٢٠ بڕیاریدا لەسەر (تصديق الطلاق) لەنێوان تۆ و داواکار دلدار یاسین طە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی رزگاری کوران بۆیە دادگا بریاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جارانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسین کریم

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٦١٠١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٧

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (مشارف القمة) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (مشارف القمة) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/١٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نورالدین عثمان سلیم) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٦/١٧

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٤٣٣٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٣
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کشتوکالی پێشکەوتوو)
بۆ (بازرگانی کەل و پەلی کشتوکال/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کشتوکالی پێشکەوتوو) بۆ (بازرگانی کەل و پەلی کشتوکال/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٣/١) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سولین کامل محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/٣

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٤٢٦١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/٢
بڕیار

ئاماژە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (Synthetic Energy 196 AB)ی سویدی بۆ (لخدمات تنظيف البيئة و اعادة التدوير/ المحدودة) ڕاستێندراوە لە بالوێزخانەی عیراق لە (ستوكهولم) بەژمارە (٦٨) لە (٢٠٢٠/٢/٣) و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەژمارە (١٩٤٢) لە (٢٠٢٠/٣/١) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا وە دانانی بەڕێز (سامان رمزی حسن) بەپاکتاوکاری لقی کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی پەسندکرد پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
ئەم بڕیارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/٢

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (مشارف القمة) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – ٥ حصارۆك)

پاکتاوکار/ نورالدین عثمان سلیم

ناونیشان/ هەولێر/ ٥ حصارۆك

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٨٤٢٣٢

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (مشارف القمة) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ سولین کامل محمود

ناونیشان/ هەولێر/ پیرزین

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٩٤٤٩٥٩٦

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Synthetic Energy 196 AB)ی سویدی بۆ (لخدمات تنظيف البيئة و اعادة التدوير/ المحدودة) بڕیاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ سامان رمزی حسن

ناونیشان/ هەولێر - گوندی ایتالی یەك فیلای ژمارە ٥٥٧

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٥٣٥٧٧



گەشتێک بەنێو کوچە و کۆڵانە کۆنەکانی هەرێمی (وەزان)ی وڵاتی مەغریب دا

ساڵانە ماڵ و خانووەکانی وەزان ڕەنگ دەکرێنەوە

خەبات: سەربەست برزۆ

وەزان هەرێمێکی دێرینی شانشینی مەغریبی عەرەبییە و مێژووی دروستبوونی شارەکە ڕوون نییە، یان وەزان مێژوویەکی لێڵی دەماودەمی هەیە، بەڵام بەزۆری سێ گێڕانەوەی مێژوویی لەناو خەڵکەکەیدا هەن و مێژووی دروستبوونەکەی دەخوێننەوە:

یەکەم: دەگێڕنەوە کە وەزان لە سەردەمی ڕۆمانیدا دروست بووە و پشت بەوە دەبەستن کە وەزان ناوی جێنشینی یەکێک لە ئەباتیرەکانی ڕۆمان بووە و دەشڵێن، کە وەزانی کۆن لە نێوان شاری تەنجە و شاری لیلی دا بووە.

دووەم: لە کتێبی (الروض المنیف) دا هاتووە کە بانگەدەری مزگەوتی ئەعزەم بۆزان لە ئەسڵدا لە سەردەمی موسای کوڕی نەسیڕی سەردەمی (بنی ئوممەیە) دا شاری وەزان دروست کراوە.

سێیەم: لە کتێبی (دعامة الیقین) ی ئەبی قاسمی ئەلعەزفی لە 633 ی کۆچی دا یەکێک لە موریدەکانی (سیدی ئەبی عەزی) کە بە مەولای بوعەزە بەناوبانگە و ئیمام و خەتیبی مزگەوتی وەزان بووە، لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا شارەکەی دروست کردووە.



جگە لەو سێ گێڕانەوەیە کە بەزۆری ئاماژەی پێ دەکرێت ، هەندێک لە شارەزایانی بواری مێژوو ئەو سێ ڕوایەتە بەدرۆ دەخەنەوە و دەڵێن مێژووی دروستبوونی شاری وەزان هێشتا بە لێڵی ماوەتەوە بەهۆی نەبونی بەڵگەی مێژوویی و دەستنووس و بەڵگەنامەی تەواوەوە. شاری وەزان لە ئێستادا کراوەتە دوو بەش، ئەویش وەزانی کۆن و وەزانی نوێیە، بەڵام لەڕووی ئیداریەوە هەر یەک شارە و ناوچەکەش هەرێمێکە لە هەرێمەکانی وڵاتەکە .

وەزانی کۆن کە ئێمە زیاتر مەبەستمانە جوانییە سیحراوییەکە بەخوێنەرانمان پیشان بدەین.

وەزانی کۆن سێ دەرگای گەورەی هەیە بۆ چوونە ژوورەوە، ئەویش دەرگای (صنایکی) کە بە دەرگای ریباتی پایتەختی وڵات و بەندەاوی وادی مەخازن بەناوبانگە، چونکە دەڕوانێتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە بۆ پایتەخت و بەندەاوەکە دەڕوات و دووەم دەرگای بە دەرگای فاتیح ناسراو بووە لە کۆندا و لەدوای ئەوە بە دەرگای شاری (فاس) ناسراوە، سێیەم دەرگای بە دەرگای سەر ڕێگای قەبرستانەکان بەناوبانگە کە دەڕوانێتە سەر قەبرستانی (وادی ڕەحا) و قەبرستانی (دەوار سوتار)ی ڕۆژ ئاوایی بەناوبانگە .

فەرەنسییەکان لەکاتی داگیرکردنی شارەکەدا لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان، ئەو سێ دەرگایەیان گرتبوو لەترسی هاتوچۆی کەسی نەناسراو و نەیاندەهێشت نەناسراو بچێتە شارەکەوە لەترسی ئەوەی هێرش نەکرێتە سەریان، وەزان هەڵکەوتەیەکی ستراتیژی هەیە بەڕووی شاری تەنجە و شاری حەسیمەدا.

هەرێمی وەزان کە شاری وەزانیش دەگرێتەوە هەڵکەوتەکەی شاخاوییە و کەشوهەواکەشی لە جۆری کەشوهەوای دەریای ناوەڕاستەو لە زستان سەرمایەکی زۆر سارد و وشکی هەیە و پلەی گەرمی لە نێوان 6 - 14 پلەیە و لە هاویانیشدا پلەی گەرمی 24 - 44 پلەی گەرمییە .

لە سنووری شاری وەزان دوو بەنداو هەیە ئەویش بەندەاوی (وحدە) و بەندەاوی (وادی المخزن) و سەڵانە لە سنووڕەکە 800 میللیمەتر بەشێوەی پچڕ پچڕ باران دەباریت و بۆ کشتوکاڵیش 2,936 هێکتار زەوی هەیە و دەیان کێڵگەی پەلەوەر لە شاری وەزاندا هەیە .

لە وەزاندا 64,891هێکتار زەوی کراوەتە زەیتون و شاری وەزان بەوە ناسراوە کە باشترینی زەیتون لەوڵاتی مەغریبدا زەیتونی وەزانە و سەڵانە 77,870 تەن بەرهەم دێنن، هەروەها دەیان جۆر میوە لە وەزاندا بەرهەم دێت کە 14,633 هێکتار زەوییە . هەروەها 30,927 هێکتار زەوی کراوەتە دارستان کە زۆربەیان داری سنۆبەر ودار بەڕوون

دانیشتووانی وەزانی کۆن زۆربەی زۆریان بە کشتوکاڵ و ڕستن و چنین بەناوبانگن و بەرهەمی ڕستن و چنینەکەیان جگە لەوەی بۆ تەواوی ناوخۆی وڵات دەنێردرێ، گەشتیارانیش کە ڕووەکەنە شارەکە یەکسەر بۆ لای کارە دەستی و ڕستن و چنینەکان دەچن، ئەوەندە کارە دەستییەکانیان نایابە و لە شێوەی کەلەپوورە، کە ناوبانگی دەرکردووە .

گەشتیارانی وەزان زیاتر دەچنە وەزانی کۆن کە شارێکی ڕەنگاوڕەنگی دێرینی سیحراوی نایابەو هەروها گەشتیاران دەچنە بەندەاوی وەحدە کە گەورەترین بەندەاوی وڵاتی مەغریبەو دەچنە چەمی (بۆدڕوە) و (وادی مەخزەن) و (وادی دڕادڕا) و (وادی لۆکۆس)و چیای بەنی عێش و مەزارگەی (حاج بزومی) و مەزارگەی (حاخام عمران)، بەڵام وەک پێویست ئەو شوێنە گەشتیاریانە نۆژەن نەکراونەتەوە و گەشتوگواری مەغریب بایەخی پێ نادات، هێشتا ئوتێلێکی شایستە لە وەزاندا نییە، لەڕووی بازرگانیشەوە شاری وەزان یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکانی وڵاتی مەغریب لەڕووی بەرهەمێنانی کاری دەستی و بەتایبەت ڕستن و چنین کە نایابترین کاری ڕستن و چنینن لە وڵاتەکەدایە، کاتێک مرۆڤ ئەو کارە دەستیانە دەبینێت سەرسام دەبێ و بەتایبەت ئەو فەرشانەی کە لەنێو کارگەکانی ماڵاندا دروست دەکرێت لە وەزانی کۆن.

کاتێک گەشتیار و بۆ یەکەمجار دەچێتە شاری وەزان سەرسام دەبێت بەوە هەموو ماڵە ڕەنگاوڕەنگ و کەلەپووری و کۆنە، کە وێنەیەکی جوان و سیحرای هەیە و هەرگیز پێت خۆش نییە بەجێبهێڵیت، ماڵەکان لە ڕووی دەرەوەی هەموو ڕەنگاوڕەنگ کراوە و لەناویشەوە ڕەنگاو ڕەنگ کراوە، کە وێنەیەکی جوانی بەخشیوەتە شارەکە .

محەمەد بوعزێز هاوڵاتییەکی شاری وەزانە دەڵێت: شارەکەمان زۆر کۆن و جوانە، ئەگەر ئەو ڕەنگاوڕەنگییە نەبوایە گەشتیار ڕووی تێنەدەکرد، هەروەها لە کاری دەستی و ڕستن و چنین ئێمە بەناوبانگین، من بۆ خۆم جگە لە کشتوکاڵی کە داری هەنجیر و زەیتونمان هەیە، کارگەیەکی بچووکی دارینی دەستکردمان هەیە کە فەرشی پێ دروست دەکەین و ئەو کارگەیە باپیرم بەدار دروستی کردووە و هەتاوەکو ئێستا کاری پێ دەکەن، ئەو فەرشانەی ئێمە نەک بۆ ناخۆی وڵات، بەڵکو ئیتاڵی و فەرەنسییەکانیش دێن دەیکڕن، بەڕاستی ئێمە فەرش دروست دەکەین کە جگە لە جوانی نایابییەکەی ڕێک دەڵێی کەلەپوورییە و سەد ساڵ تەمەنییەتی، بەڕاستی کاریگەری ئەمازیغی و ئەفریقی و ئیسلامی نەک لە وەزان، بەڵکو لە تەواوی مەغریبدا ڕەنگی داوەتەوە .

ئەحمەد وەزانی نووسەرێکی دیاری شارەکەیە دەڵێت: مێژووی وەزان ڕوون نییە کە کەی دروست کراوە، کاتێک مرۆڤ ئیسلامی و ئەمازیغییە، وەزانی کۆن لە تابلۆیەکی کێشراوی جوان دەچێ و ئەم هەموو ڕەنگە جوانانە ئارامی دەبەخشێتە مرۆڤ و دەرگاکانیشمان زۆربەی شینە و ئەویش وەک چاوەزارێک کراوە کە دوورمان دەخات لە نەفەس، بۆ ئەوەی ئەم خۆشی و جوانییەمان لەدەست نەچێ و ڕەنگی دیوارەکانیش بۆ بەخشینی ئارامییە، من بۆ خۆم باخێکی بچکۆلانەم هەیە و هەمووم کردوەتە زەیتون و سەڵانە بەرهەمێکی باشی هەیە مالّەکەشم لە وەزانی کۆنە و بە هەموو دونیا ناگۆڕمەوە .

ئەحمەد عال ئەندازیارێکی شارەوانی شارەکەیەو دەڵێت: هەرێمی وەزان ڕووبەرێکی کشتوکاڵی فراوانی هەیەو ئاوی پێویستی هەیە بۆ ئاودێری، باخ و باخاتێکی زۆر لە وەزان هەیە، بەڵام لەچاو پانتایی ڕووبەرەکەی و پڕکردنی پێداویستی ئاو بەرگەی کشتوکاڵی زیاتر دەکرێ، بەڵام ئەوەی هەیە حکوومەت وەک پێویست هاوکاری جوتیاران ناکات بۆ ئەوەی ڕووبەرێکی زیاتری کشتوکاڵی دروست بکرێت لە چواردەوری شارەکەدا، راستە لە سنووڕەکە دوو بەنداو هەیە، بەڵام پێویستی بە گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوەکە هەیە و ئەویش کاری دەوێت.

هەمدیس هاوڵاتی عەلی سید عەبدولقادر گوتی: من بۆیاغچیم و لەبەر ئەوەی وەزانی کۆن هەمووی ڕەنگاوڕەنگە، کارمان بەردەوامە، چونکە ئەو ماڵ و شەقامانە یەکجار ڕەنگ ناکرێن، بەڵکو سەڵانە کە کاڵ دەبێتەوە خاوەنەکانیان بانگمان دەکەن بۆ ئەوەی بەهەمان ڕەنگی خۆی نوێی بکەینەوە، بەڕاستی شارەکەمان ئارامبەخشە و بۆ ئێمە گرنگ نییە کە کێ دروستی کردووە، گرنگ ئەوەیە کەوا شار ئەم جوانییەی لەدەست نەدات، چونکە بەڕاستی ماڵەکان زۆر کۆنن و ترسی ڕووخانیان هەیە .

هەمدیس هونەرمەند عەلی وەزانی دەڵێت: هونەرمەندانی جیهان ئەگەر بەتەمای کێشانی تابلۆیەکی جوانترن، با بێین بۆ وەزان، چونکە لێرە ژیان خۆی تابلۆیەکی جوانە و هەموو جوانییەکت فێر دەکات ، هەوڵمداوە لەسەر شۆستە و شەقام و دیوارەکانی وەزانی کۆن جگە لەوەی ڕەنگ کراون من تابلۆ دەکێشم و وێنەی جوان جوان دەکەم و سەڵانە فیستیڤاڵێکمان هەیە هونەرمەندان لە سەرانسەری وڵات دێن و نەخشەی جوان جوان لەسەر دیوارەکان دەکێشین .














لە دوا شەودا.. یەک دوو قسە

حەیدەر عەبدولڕەحمان

بەشی دووەم

لەدەست پێکی نمایشکردنی ئەلقە سەرەتاییەکانی زنجیرە درامای (دوا شەو) ی دەرهێنەر(کارۆخ ئیبراهیم) بەرهەمەکە زۆر بەتوندی کەوتەبەر شالاوی ڕەخنەیەکی زۆری جەماوەری، بەڵام زۆرینەی ئەو ڕەخنانە، فۆرمێکی زانستیانەو لۆژیکییانەیان وەرنەگرتبوو، کە تێیدا بەرهەمەکە شەن و کەو کەن و دەست نیشانی کەم و کوڕییەکانی بکری و لایەنە نەگەتیف و پۆزەتیلفەکانیشی لەبەرچاو بگیری.



هەتك كردنی زمان:

سەرکێشیەکانی کارۆخ هەر تەنها بەسەر ئاستی دراماکە نەشکاوەتەوە، بەڵکو زمانی کوردیشی هەتك کردووە، کە بینەر نازانێ بەو پەرش و بڵاویەو سەرلێ شێوانەی دیالیکت ئەو ئەکتەرانە خەڵکی کوێن؟ بۆ هەندێکیان نیوەی ڕستەی دایەلۆگەکانیان سلێمانیەو نیوەکەی تری ڕستەکەی هەولێرییە،بۆ جیاوازی دیالیکت لە نێوان باوك و کچ ، خوشکو برادا هەیە؟

بۆ ئەوەندە بە سووکی و بێ بایەخی تەماشای زمان بکرێت کە ناسنامەی نەتەوەییتە؟ لەجێگەی تر بۆ پاراستنی تێکست لەهەڵەی زمان بەلانی کەمەوە سێ سەرپەرشتیاری زمانەوانی دادەندرێت بۆ پێداچوونەوە بەتێکست لەچەندین لایەندا ..

ئامانج و فەلسەفەی دراماکە:

ئەو بێ ئەزموونیە وای لێ کردووە لەکاتی نووسین دا ئامانج و فەلسەفەی بەرهەمەکەی دیاری نەکات، نەتوانێ لوکێشن و دیمەن و ڕووداوەکان، بەئاراستەیەکی دیاری کراو بۆ خزمەتکردنی ئامانج بەرجەستە بکات.

ئەو لەتاوەڕێکی بااڵوە دەڕوانێتە خوارەوەو دەچێتە ناو ژیانی بورژواو سەرمایەدارو بزنس مانەکان و ئەو ژیانە باق و بریقەدارانەی ئەوان لەکۆشك و تەالرو کۆمپانیا بازرگانیەکانیان دەخاتە ڕوو، ئەوەندەی بەلایەوە گرنگە کامێرا بۆ خزمەتی نمایشکردنی بااڵخانە بڵندەکانی ئەوان و لوکێشنەکانی سپۆنسەر تەرخان بکرێت، ئەوەندە هەوڵەکانی بۆ تێر کردن و گەیاندنی ئامانجی دراماکە تەرخان نەکرا، بۆیە پرسی بازرگانی کردن بە بەرهەمەکە زۆر بە زەقی لە ڕێکلامەکانی زنجیرەکە بۆ ئەو کۆمپانیایانە دەردەکەوێت.

واقعێکی مزەییەف:

لە پەنای ئەوەدا، دەرهێنەر پەردەپۆشی لەواقعێکی تاڵی کۆمەاڵیەتی دەکات، واقعێکی مزەیەفی ئەمڕۆی کوردستان نیشان دەدات، وەك ئەوەی کوردستان تەنیا کێشەی خاوەن کۆمپانیا زەبەاڵح و مافیا بازرگانەکانی هەبێت، بەشێوەیەك لە واقیعە ڕاستەقینەکە دوور دەکەوێتەوە، بینەر وا هەست بکات، ئەوەی دەبینی کوردستان نیەو هیچ پەیوەندیشی نەبە کوردستان و نە بەخەڵکەکەشیەوە هەیە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو دیمەنانە چی پێشکەش بەکۆمەڵگای کوردی دەکەن؟ دەیەوێ چیان پێ بڵێ ؟

ئیدی (شێوە) کە ڕووی دەڕەوەی زنجیرەکەیە لەسەر ئەو بناغە داڕماوە لەبیرو ئامانج و دامەزراوە.

جاران لە سەردەمی کالسیك و ڕە شو سپی دا، شێوە بوونی نەبوو، بەڵام چونکە ناوەرۆك هەبوو، لە چوارچیوەی ئاماجێکی سیاسی و کۆمەاڵیەتی و کۆمیدی دا بەرجەستە دەکرا، وەرگری خۆیان هەبوو، کە تا ئێستاکەش دوای تێپەڕ بوونی دەیان ساڵ، خەڵکی تامەزرۆی بینینی دراماکانی ئەو دەمەی وەك جەنابی موفەتیش، تاپۆ هەقی چیە، لانەوازان، پیسکەی تەڕ پیرن.

کەواتە ناوەرۆك لەشێوە گرنگترە، بەڵام هەردوکییان بە یەکەوە هاوکێشەکە تەواو دەکەن، ئەوەی ناوەرۆکە بەرکەوتەی لەسەر بیرو خەیاڵ و عەقل هەیە، بەڵام شێوە تەکنیکێکە تەنیا بۆ جوانکاریی و هەڵخەڵەتاندنی چاوە، شێوە بەهەموو تەکنیك و کولیتە ڕەنگاو ڕەنگەکانییەوە هیچ ناهێنێ، ئەگەر لە خزمەتی ناوەرۆکدا نەبێت، هەر ئەو کێشەیەی نێوان ناوەرۆك و شێوەیە زنجیرە دراما تورکیەکانی سووك و بێ بەها کردووە، کە ئێستا ئێمە دەمانەوێت لەدوا شەودا لاساییان بکەینەوە، کۆمەڵگاکەمان وەك کۆمەڵگای تورکی نیشان بدەین، چەندین دیمەن لەسەرجێیی گەنجەکانمان لەگەڵ سۆزانیەکان بەرووتی نیشان بدەین، ئافرەت هان بدەین بۆ بەڕەڵاێی و جگەرە کێشان، ئافرەت لە خێزان دابڕێنین و هەر یەکەو بەتەنیا لەباڵەخانەیەکی جیا بژین بۆ ڕابواردن، هەندێکی دیکەیان بکەین بەسەرۆك مافیاو پیاوەکان بفڕێنن ،ئەمانە ئەگەر تەقلیدی کۆمەڵگای تورکی نەبن چین؟

چونکە ئامانج لە سیناریۆکەدا ونە، ئاراستەی بەڕێوەچوونی ڕووداوەکانیش شێواوە، ئەگەر دوای بیست ئەلقە لەهەزار بینەر بپرسی ئەو درامایە باسی چیت بۆ دەکات ؟ ڕەنگە ١٠ بینەری ئاسایی شتێ لە هێڵی درامی و ئایدۆلۆژی دراماکە تێ نەگەیشبێ، ئەوەندە نەبێت کۆمەڵگاییکی تووندو تیژ دەبینێت، کە هەمووی هەر بازرگانە و هەر یەکەیان لە ڕەئیس عەسابەیەك دەچێ، کۆمەڵێ پیاو لەشێوەی مافیا دەوری ئەو بازرگانانەی داوە، کاری کوشتن و بڕین و فڕاندنیان پێ دەکەن، خەڵکی وەك تەحسینی کاسب کار لە شوێنی تایبەتی وەك ئەمنی عامە تەعزیب دەدەن و لەخوێنی سوور دەکەن، بە گوناهی ئەوەی کچێك خانووەکی لێ کڕیوە و ناونیشانەکەی لەو پیاوە بێ ئاگایە داوا دەکەن ! بەدەیان دیمەنی تر لە کوشتن و فڕاندن و تەعزیب دان و چاو بەستنەوەی کچان، بێ ئەوەی ئەو هەموو ئیرهابە هیچ پاساوێکییان هەبێت .

ئەوەندەش ڕووداوەکانی فڕاندنی کچان و هێنان و بردنیان بۆ نەخۆشخانەو دەرهێنانیان دووبارەو سێ بارە دەبێتەوە، وایان لێ دێت ڕووداوەکان کاڵ ببنەوەو هیچ تام و چێژێك نەبەخشن .

کێشە لەو نێوەندە ئەوەیە کە دەرهێنەر توانای دروست کردنی گرێ ی درامی و چارەسەرکردنیانی پێ نیە، بە دەوری چەند ڕووداوێکی ڕوو کەش دا لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوە، بێ ئەوەی هەست بە پێشەوەچوونی ریتمی دراماکە بکەیت.

ئەکتەری پۆلیسی:

بێگومان ئاسەوارە نەگەتیفەکانی دەرهێنان هەر تەنها بەسەر ڕووداوەکاندا بە جێ نامێنێ، بەڵکو کار دەکاتە سەر ئەکتەریش، کە نەتوانێت کاراکتەرەکەی خۆی وەك پێویست بناسێ و شوێنی خۆی لە جوگرافیای دراماکەدا پێ بزانێ ، ئەگەرنا ئەو ئەکتەرانەی لەو درامایەدا بەشدارن کۆمەڵێ ئەکتەری بە ئەزموونن، لەچەشنی شەماڵی عەبە ڕەش، ئیبراهیم حەکیم، سەالم کۆیی، خەرمان هیرانی، پێشڕەو حسین، یونس حەمە کاکە، فرمێسك مستەفا، ناسر حەسەن، شادان فۆاد. کە هەر یەك لەوان لە ڕابوورددوا، داهێنانی خۆیانیان هەبووە، بەڵام لەو بەرهەمەدا ئەوانە نەبوون کە ئێمە پێشتر ناسیومانن و دەرهێنەر نەیتوانی قۆرخی دەسەاڵتی هونەریی ئەوان بکا وەك پێویست ، ئەوانیش گیرودەی دەقێکی سەقەت بوون، کە نەتوانن لە چوارچیوەی ئەو دەقەدا دەرچن، دەقێك کە پڕبێ لەگرژی، ئەکتە ر ناچار دەکات نواندنێکی گرژ بکات، نەتوانێ فۆرمی نواندنی خۆی بگۆڕێت.

هەروا لەدوا شەودا کۆمەڵێ ئەکتەری گەنجی وەك (ڕۆژە فایەق، ژیا فەرهاد، ئاکام تاهیر، محەمەد تاهیر، سۆران ئیبراهیم، ترێ فاتیح ، ژاڵە، کەنار سەرچڵ، بژار سەعدی،شاد ی ئارام، ڕزگار ژاهیر، هاوکار سەعدی، هۆشەنگ خۆشناو،بەشدارن، توانای باشی خۆیان نیشان دەدا لەنواندندا،ئەگەر دەرهێنەر ئاراستەیەکی دروستی ئەکتەرەکانی خۆی کردایە بۆ تێگە یشتن لە کاراکتەرەکانیان، ئەو ئەکتەرانە زۆرینەیان نواندنێکی پۆلیسیان دەکرد، وەك ئەوەی پیاوی ئەمن و هەواڵگری و پۆلیس بن، نەك پیاوی بازرگان، زۆرینەیان ببون بەئەمن و لێکۆڵەرەوەی تاوان ، بەتایبەت ئاکام تاهیر کە وەك پیاوی پۆلیس و لێکۆڵەرەوە نواندنی دەکرد، نەك وەك کوڕە بازرگانێك .



ئەکتەری کورد بۆ بێ هەڵوێستە؟

بەگشتی ئەکتەری کورد بۆ بژاردەی بەشداری کردن یا نەکردن لەکارە شانۆیی و درامی و سینەماییەکاندا هەمیشە کەسێکی بێ هەڵوێستە و ئامادەیە بەچاو بەستراوی گرێ بەست لەگەڵ بەرهەم هێنەرو دەرهێنەرەکاندا مۆر بکات، بێ ئەوەی باکی بەهەر ئەنجامێك هەبێت کە لەئاکامی ئەو گرێ بەستەدا ڕوو بەڕووی دەبێتەوە.

ئەو دیاردەیە تەنیا ئەو ئەکتەرە لاوانەی نەگرتۆتەوە کە بەپەرۆشی کارکردن و بەدوای دەرفەتدا دەگەڕێن بۆ دەرکەوتن، بەڵکو زۆر لەو ئەکتەرە ناسراوانەش دەگرێتەوە کە خاوەن ئەزموونی هونەرین و پێگەی دیارو بەرچاوی خۆیانیان هەیە لەبواری کار کردندا.

ئەو دیاردەی ئامادەباشی ئەکتەران بۆ بەشداری بوون وەك کاری کرێکارانی لێ هاتووە لەمەیدانی کرێکاراندا، ئەگەرنا ناکرێت ئەکتەرێکی خاوەن ئەزموون بێ بینینی دەق و سیناریۆ گرێ بەست لەگەڵ دەرهێنەرێك مۆر کات، چەند ئەلقەیەکی سەرەتایی بخاتە بەردەم ئەکتەر، دواتر بۆ ئەلقەکانی تر بەدەست نووسی ڕۆژانە نواندن بکات، نە شتێ لە ئامانج و فەلسەفەی نمایش تێ بگا، نە ئاگای لە ڕووداوو کاراکتەرەکانی تر بێت.

ئەگەر ئەکتەر حیساب بۆ ڕابوورددووی خۆی بکات و هونەرەکەی خۆی خۆش بوێت، ناکرێ ئاوا بەئاسانی هونەرەکەی خۆی وەك کالایەکی بازاڕی بکڕدرێ و بفرۆشرێ، هیچ پرسیارێکیشی نەبێ!

ئەکتەر نەك هەر گوناهێکی هونەری گەورەیە بەبێ بینینی دەق و سیناریۆ بە چاو بەستراوی بەشداری لە بەرهەمێکدا بکات، بەڵکو پێویستە حیساب بۆ ئاست و توانستی دەرهێنەریش بکات و لەوە دڵنیا بێت ئەو دەرهێنەرە تا چەند دەسەاڵتی ئەوەی هەیە شکۆی هونەریی ئەو ئەکتەرەو هونەرەکەی بپارێزێ، تا چەند ئەو کاراکتەرەی بۆی دیاری کراوە کاراکتەرێکی ئەکتیفەو دەرفەتی بۆ دەڕەخسێنێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ؟

هەندێ جار ئەکتەری ناسراو، خاوەنی هونەریی باڵاو ئەزموونی دەوڵەمەند بەتەنها بەشداربوونی دەبێتە سەرمایە بۆ دەرهێنەرو زۆر جاران پێویستە هاوکێشەکانی بەرهەم بەهۆی بەشدار بوونی ئەو ئەکتەرە دەگۆڕێت لەڕووی بازاڕو ڕاکێشانی بینەرو فۆکسی میدیایی بۆیە ئەکتەر مافی خۆیەتی وەك عوملەیەکی گران بەها مەرجی خۆی هەبێت بۆ بەشداری کردن لەهەر بەرهەمێکدا، بەر لەهەموو شتێ چوار خاڵی گرنگ لەبەرچاو بگرێ :

١- ناستی دەق و سیناریۆ.

٢- ئەزموون و توانستی دەرهێنەرو ستافەکەی.

٣- کاراکتەرو ناوەرۆکی کاراکتەر .

٤ـ مافی دارایی ئەکتەر .

دوای دابین بوونی هەموو ئەو خاڵانەو بڕوا هێنانی ئەکتەر پێیان، ئینجا قۆناغی گرێ بەست ئەنجام دەدرێت، نەك لەخاڵی سفرەوە گرێ بەست واژوو بکرێت و مەرجەکانی تر بە پەراوێز بکرێن و ئامانج تەنیا پارە بێت.

دواتر لە ناوەڕاستی ئەنجام دانی بەرهەمەکە÷ ئینجا ئەکتەر بکەوێتە بارێکی سەرلێ شێوان و پەشیمان بوونەوەو دەست لەکار هەڵگرتن و ڕاکردن..

کارەکە بگاتە ئەو ئاستەی دەرهێنەر بکەوێتە پەلە قاژەیەك نەزانێت چۆن بۆشایی ڕاکردنی ئەکتەرەکان پڕ کاتەوەو چ وەاڵمێکی بەرهەم هێنەرو سپۆنسەرەکانی بداتەوە، ناچاری ئەوە بێت چارەسەری درامی کۆتایی بەرهەم لەبۆشایی دەست هەڵگرتنی ئەو ئەکتەرانەدا بە حیکایەت و نووسین ،بۆ بینەر بگێڕێتەوە نەك بە وێنەو دراما.

ئەم شکستە هەر تەنها شکستێك نیە بۆ دەرهێنەر، بەڵکو چەندین شکستی دیکە لەگەڵ خۆیدا دێنێ:

١- شکستێکە بۆ دەرهێنەر، دوای دۆڕاندنی ئەو متمانەیەی پێی درابوو لەلایەن بینەرەوە.

٢- شکستێکی دارایی و مەعنەوی و میدیاییە بۆ ئەو دەزگا بەرهەم هێنەرەی متمانەی بەدەرهێنەردا.

٣- شکستێکە بۆ ئەو ئەکتەرە باش و خراپانەی بەشداربیان لە بەرهەمەکەدا کرد بە تێکڕایی

٤- شکستێکی گەورەیە بۆ بینەر کە زۆر بە حەسرەتەوە تەماشای زنجیرەکە دەکاو لەئەنجامدا ڕوخانێکی هەرەمی بەرهەمەکە بەچاوی خۆیەوە دەبینێت.

٥- شکستێکە بۆ درامای کوردی و گەڕانەوە بۆ سەرەتا بێ ئومێدەکانی.

بێگومان هەموو ئەو شکستانە هۆکاری خۆیان هەیە :

١- دەرهێنەرێکی بێ ئەزموون کە دەسەاڵتێکی سنوور داری هەیە و ناتوانێت لە کون فە یەکونێك ئەو بارە قورسە بگرێتە ئەستۆ، بە شێوەیەکی ڕەمەکی بێ نەخشەو پالن.

٢- پەلەپرووزێ لەکارکردن لەپێناو قۆرخ کردنی دەرفەتی بەرهەم هێنان و دەسکەوتی مادەی .

٣- نەبوونی دەق و سیناریۆ (دەرهێنەرێك لەلایەك سەرپەرشتی دەرهێنان بکات و لەلایەکی دیکە بە پەلە پروزی ڕۆژانە دەست نووسی سەرپێیی بنووسێ)

٤- نەبوونی میکانیزمێکی پوخت بۆ کار کردنی ڕۆژانە.

٥- بەجێ هێشتنی ژمارەیەك لە ئەکتەرە بەشداربووەکان و پەك کەوتنی وێنەگرتن و مۆنتاژ.

ئەکتەر کە دەچێتە ناو ئەو هەموو کێشانەو دەبێتە پارچەیك لێنیان، دەبێ بزانین هۆکار چیە بەو چاو بەستراوەییە ئامادەیی خۆی نیشان دەدا بۆ بەشداری بوون ؟

١- بێ بازاڕی بەرهەمی هونەریی و درامی و دەست بە تاڵی درێژ خایەن .

٢- هەلومەرجی سەختی ئابووریی و نەداری هونەرمەندان.

٣- پەرۆشی هونەرمەندە کۆنەکان بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی دراماو ئیسپات وجود.

٤- ئارەزووی زۆری ئەکتەرە الوەکان بۆ کارکردن لەئەنجامی قەیرانی دراما.

٥- نا هوشیاریی هەندێك لەوان و بە نرخ نەزانینی ئەنجامەکان.

ئەنجام :

وا چاکترە ئەکتەرانی ئێمە هەمیشە سوود لەئەزموونە شکست خواردوەکانیاندا فێری ڕێزلێنان لەهونەرەکەیان بن، ئەوە بزانن کە هەر تەنها دەرکەوتن بەس نیە بۆ ئەکتەر، بە تایبەت بۆ هەندێ لەوان کە مێژووی پڕ لە سەروەریان ، ناکرێت بەنرخێکی هەرزان لە دەست بدەن، ئەو خۆشەویستیەی لەدڵی هەوادارانی خۆیان کە بەنرخترین سەرمایەی ئەوانە بەخۆڕایی دروستیان نەکردووە تا بەو هەرزانیە بەهەدەری بدەن.

دووهەمیان : وا پێویست دەکات بۆ قەرەبوو کردنەوەو ڕاست کردنەوەی ئەو شکستانە لە ئەزموونی هونەری دا بەکاری جوان و پڕ لە داهێنان پڕ کەنەوە، بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی بەالنسی هونەرییان .

هیچ کارێکی هونەریش کۆتایی نیە، بەڵام هەر یەك لەوان ئەزموونێکە پێویستە ئەکتەر بۆ بونیاتی ئایندەی هونەریی خۆی و پاراستنی متمانەی هەوادارەکانی بە ئاگاییەوە هەنگاوی بۆ بهاوێژێ

7 بەروبووومی کشتوکاڵی هاوردەکردنیان قەدەغەکرا

هاوردەکردنی ٧ بەروبووومی کشتوکاڵی کە (هەنار، هەنجیر، سێو، شووتی، پەتاتە، خەیار، هەنگوین) دەگرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان لە مانگی ئابەوە قەدەغە کرا.

لە راگەیندراوێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرگ کراوە، هاتووە: هەر یەك لە بەروبووومەکانی (هەنار، هەنجیر، سێو، شووتی، پەتاتە، خەیار، هەنگوین) هاوردەکردنیان بۆ ناو هەرێم لە ٢٠٢٠/٨/١ دا قەدەغە دەکرێت. ئەو بڕیارەش بە پاڵپشتی یاسای پاراستن و پێشخستنی بەروبووومی کشتوکاڵی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ وەرگیراوە. لە بڕیارەکەدا هاتووە ئەگەر لە هەر کەرتێکی عەلوەکانی فرۆشتنی بەروبووومی کشتوکاڵی بەروبووومی هاوردە بگیرێت ئەوە سزا دەدرێن بە داخستنی کەرتەکەیان بۆ ماوەی یەك حەفتە.

شایانی ئاماژەیە ئەو بەروبووومانە لە ساڵانی رابردوودا کاتێك بەرهەمی ناوخۆی کوردستان پێدەگەیشت ئەوە بڕە باجێکیان لە کاتی هاوردە کردن لێ وەردەگیرا بۆ ئەوەی توانای رکابەری بەرهەمی ناوخۆیان نەبێت.



سوودە گرنگەکانی هەنجیری دڕکاوی

سوودی بەرهەمەکەی

یەکەم: خۆراکێکی گرنگە بۆ دەربازبوون لە قەڵەوی و کۆنترۆڵکردنی کێش بەهۆی هەبوونی ریشاڵ لە پێکهاتەکەیدا کە هەستی تێربوون دەبەخشێت و وزەی بەکاربەر کەم دەکاتەوە.

دووەم: پەستانی خوێن دادەبەزێنێت بەهۆی هەبوونی پۆتاسیۆم لە پێکهاتەکە یدا .

سێیەم: رێژەی توشبوون بە شێرپەنجە تاکو ٣٤٪ کەمدەکاتەوە.

چوارەم: بەسوودە بۆ بەهێزکردنی ئیسقان بەهۆی دەوڵەمەندی بە کالیسیۆم کە بونیاتنەری ئێسکە.

پێنجەم: توانای سێکسی بەهێز دەکات ئەویش بە تێکەڵ کردنی ٢-٣ دانە لە بەری هەنجیری دڕکاوی لەگەڵ کوپێك شیر وخواردنەوەی بە درێژایی رۆژدا.

سوودی گەڵاکانی

یەکەم: کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکرە و کەمکردنەوەی بڕی بەکار هێنانی ئەنسۆلین چونکە هاندەرە بۆ دەردانی ئەنسۆلینی سروشتی.

دووەم: دابەزاندنی ئاستی چەوری و کۆلیسترۆڵی جەستە.

سێیەم: چارەسەرکردنی هەوکردن کۆئەندامی هەناسەدان.

جۆر و شێوازی تێکەڵکردنی قڕکەرەکان



١- هەرگیز گۆگرد (کبریت) لەگەڵ قڕکەری دیکە تێکەڵ ناکرێت (بەتەنها دەڕشێندرێت).

٢- ئەو قڕکەرانەی (مس) یان تێدایە لەگەڵ هیچ قڕکەرێکی دیکە تێکەڵ ناکرێن.

٣- ئەو قڕکەرانەی بۆ قەڵاچۆکردنی جاڵجاڵۆکە بەکار دێت تێکەڵ بە قڕکەری دیکە ناکرێن.

٤- بە باش نازانرێت پەینە گەڵاییەکان تێکەڵ بە قڕکەر بکرێت و بڕشێندرێت بە تاییەتی قڕکەرەکانی کەڕوو.

٥- نابێت قڕکەرە میرووکوژەکان تێکەڵ بە قڕکەری کەڕوو بکرێت.

٦- قڕکەرەکانی کەڕوو تێکەڵ بە زەیتە کانزاییەکان ناکرێن.

٧- تێکەڵ نەکردنی پەینە گەڵاییەکان لەگەڵ ئەو قڕکەرانەی (مس) یان تێدایە.

٨- لە بنەماکانی تێکەڵ کردنی قڕکەردا بە باش نازانرێت قڕکەرەکانی کەڕوو تێکەڵ بە یەکدی بکرێن.

٩- ئاوی خاوێن بۆ گرتنەوەی قڕکەرەکان بەکار دێت.

١٠- لە وەزی گۆڵکردندا نابێت ئەو قڕکەرەی مادەی مسی تێدایە بەکار بێت چەنکە کاریگەری لەسەر دەنکە هەڵاڵە دەبێت.

(بنەماکانی بەکارهێنانی قڕکەر)

- رشاندن ئەنجام نادرێت کاتێك پلەی گەرمی بەرزە.

- ئەو قڕکەرانی وەك پێشگیری یان بۆ چارەسەر بەکار دێن، بەو بڕە دەبێت کە لەسەر دەفرەکە نووسراوە.

- هەر قڕکەرێك نا بێت زیاتر لە دووجار بەکار بێت بۆ ئەوەی رووەکەکە بەرگری دژی وەرنەگرێت Resistance.

- قەدەغەیە ئەو قڕکەرانەی فسفۆری ئۆرگانیان تێدایە وەك (پیربان – مالاسیۆن) تێکەڵ بە ئامادەکراوی مانکۆزیب (ئانادۆڵ) بکرێن.

-تێکەڵکردنی قڕکەری میروکوژ ی فسفۆری لەگەڵ هەویری بۆرتۆ قەدەغەیە.

بۆ پاراستنی مەر و بزن لە گەرمای هاوین



یەکەم: گرنگیدان بە شوێنی حەوانەوەیان و دابینکردنی ساباتی گونجاو بۆیان بۆ پاراستنیان لە تیشکی خۆری بەتین.

دووەم: دابینکردنی ئالیك و ئاوی خاوێن بۆ هۆڵەکانی پەروەردەکردن و مۆڵکردنی ئاژەڵەکان لە شوێنی سێبەردا و دابینکردنی خوێی چوارپاڵوو.

سێیەم: لەکاتی لەوەڕاندن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە کێڵگەی کراوەدا ئاژەڵەکان نادرێنە بەر تیشکی خۆر بەهۆی بەرزی پلەی گەرمی وەرزی هاوین، بۆیە بەیانیان زوو یان لە کاتی عەسردا کە پلەی کەرمی نزمە ئاژەڵ بۆ کێڵگە دەبردرێت.

چوارەم: کوتانی مەڕ و بەزن دژی نەخۆشییە درمییەکان بە سەردانی کردنی بنکە ڤێتێرنەرییەکانی ناوچەکە.

پێنجەم: ئەو کار و بەڕخانەی گەشەیان لاوازە چارەسەر دەکرێن بە پێدانی دژی مشەخۆرە ناو هەناو.

شەشەم: لەم وەرزەدا دەستەدەکرێت بە قەڵاچۆکردنی گەنە و ئەسپێ و مشەخۆرە دەرەکییەکان.

ئایا میوە هۆکارە بۆ قەڵەوی؟



شارەزایانی بواری خۆراك هۆشداری دەدەنە ئەو کەسانەی کێشیان زۆرە کە نابێت زێدە رۆیی لە خواردنی میوەدا بکەن.

شارەزایان دەڵێن: شەکری فریکتۆز کە لە میوەدا هەیە هۆکارە بۆ هاندانی کۆبوونەوە و کەڵکە بوونی خانە چەوریەکان لە جەستەدا. لەهەمانکاتدا خواردنی میوە بە شێوەیەکی رێکوپێك و بەردەوام و بە بڕی زۆر ئەگەری هەیە ببێتە هۆکار بۆ کەڵکە بوونی چەوری لەسەر (جگەر) کە هۆکارەکەی خواردنەوە ئەلکهولییەکان نییە.

بۆ ئەوەی ئەو میوەیەی دەیخۆین کێشەی تەندروستیمان بۆ دروستنەکات پێویستە ئەو خاڵانە لە بەرچاو بگیرێت:

یەکەم. لە رۆژێکدا تەنها ٢٠٠-٣٠٠ گرام میوە دەخورێت. (کە دەکاتە دوو سێو لە رۆژێکدا).

دووەم. پێویستە میوە دوای ژەمی سەرەکی بخورێت.

سێیەم. دوورکەوتنە لە خواردنی میوە لە ئێوارەدا چونکە رێژەیەکی بەرزی لە ریشاڵە خۆراکییەکان تێدایە کە بۆ هەرسکردنی پێویستی بە ئاو و وزەیەکی زۆر هەیە، ئەوەش دەبێتە هۆی ناڕێکی خەوتن.

چوارەم. پێویستە گوشراوی سێو و پرتەقاڵ و تری نەخورێتەوە، چونکە ئەوە بەو واتایە دێت کە بڕێکی زۆرتر لە شەکری فریکتۆز ی جوداکراوە لە ریشاڵە خۆراکییەکان بخۆێتەوە، هەندێك جاریش خواردنەوەی ئەو شەربەتانە هۆکارێکە بۆ توشبوون بە نەخۆشیی نەقڕس.

بەو شێوەیەی ئێستا بەردەوامبین چامپیۆنزلیگیش لەدەست دەدەین

مێسی: ریاڵ مەدرید بە شایستەیی نازناوی لالیگایان بردەوە

لیۆنێل مێسی، ئەستێرە و کاپتنی یانەی بەرشلۆنە تورەیی خۆی بەرامبەر ئاستی خراپی یانەکەی پیشاندەدات.

مێسی دوای دۆڕانەکەیان بەرامبەر ئۆساسونا لە یاریگەی خۆیاندا گوتی، ئەگەر ئەم ئاستە خراپە دووبارەبکەینەوە، بەرامبەر ناپۆلیش لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەکرێینە دەرەوە.

لیۆ لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی، پێشتر گوتوومە ئەم شێوازی یاریکردنی ئێمە بەس نییە بۆ رکابەرییکردن لە چامپیۆنزلیگدا، تەنانەت ئەوە بووە هۆکاری ئەوەی لالیگاش لە دەستبدەین.

کاپتنی بەرشلۆنە زیاتر گوتی، ریال مەدرید دوای گەڕانەوە هیچ یارییەکی نەدۆڕاند و بەشایستەیی نازناوەکەی بردەوە.

ئەستێرە ئەرجەنتینییەکە دەڵێت، هاندەران مافی خۆیانە داوای بردنەوەی نازناو بکەن، بەتایبەت دوای ئەوەی بەڵێنی بردنەوەمان پێدان و لە دوو سااڵی رابردوو بەرامبەر رۆما و لیڤەرپوول دەرکراین.

مێسی زیاتر گوتی، لە مانگی یەکەوە هەموو شتێك لە یانەکەدا نامۆ و سەیرە، ئێمە زۆر خاڵمان لەدەستدا و لە کۆتایی قسەکانیدا لیۆنێل مێسی دەڵێت، ریال مەدرید کاری زۆرباشی کرد، بەڵام ئێمەش هاوکاریمان کردن بۆ ئەوەی لالیگا ببەنەوە.



سەلاحەدین سیامەند

بەسەر کۆرۆنادا سەرکەوت

دوای ئەوەی بەسەردانێك لە وڵاتی سوید و دووهەفتە پێش ئێستا تووشی قایرۆسی کۆرۆنا هات، لە پەیامێکیدا بە هەواداراني گوت کە ئیستا بەتەواوی کۆرۆنای تێپەڕاندووە.

سەلاحەدین سیامەندی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی هەولێر کە خاوەنی جەماوەرێکی زۆرە و بەیەکێك لە یاریزانە باشەکانی کوردستان دەهاتە هەژمار، دوای ئەوەی لە وڵاتی سوید توشی کۆرۆنابوو، لە پەیامێکیدا بۆ رۆژنامەنووسان و هەوادارن و دۆستانی لە سوێدەوە لەڕێگەی قیدۆیەکەوە رایگەیاند کە دوای ١٥ رۆژ لە تووشبوونی بەو قایرۆسە ئیستا دۆخی تەندروستی تەواو جێگیرەو قایرۆسەکەی تێپەڕاندووە و سەرکەوتنی بەسەر ئەو پەتایە راگەیاند.

سیامەند لە کۆتایی قسەکانیشی سوپاسی تەواوی هاوڕێ و دۆستان و وەرزشدۆستانی کوردستان دەکات بەوەی لەو ماوەیەی توشی کۆرۆنا بووە لە وڵاتی غەریبیەوە نەیانهێشتووە هەست بە غەریبی بکات و سوپاسی هەموو لایەکیکرد بۆ خەمخۆری و دڵسۆزیان.



ڕامێنەری بارسا: دەتوانین نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ببەینەوە

خەبات: سولین سلێمان

کێکی سێتین لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی دۆخی ئێستای یانەکەمان زۆر باش نییە هەر بۆیە بە دوای چارەسەری کێشەکان دەگەڕێین بۆ ئەوەش لەگەڵ جۆزێپ ماریا بارتۆمیۆ سەرۆکی یانەکە کۆبۆتەوە ، سێتین ئەوەشی ئاشکرا کرد کەوا لە قسەکانی مێسی تورە نییە راستە لەم دواییەیانەدا بەشێوەیەکی باش دەرەنەکەوتین ، ئەوەش دوای ئەوەی یانەی بارسا لە یاری بەرامبەر یانەی ئۆساسۆنا دۆڕا.



سێتین سەبارەت نازناوی خولی پاڵەوانێتی ئەوروپا گوتی: دەتوانین نازناوی چامپیۆنزلیگ ببەینەوە ئەگەر بەشێوەیەکی باش یاری بکەین هاوشێوەی یاری بەرامبەر ڤیاریاڵ کردمان ، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی یارییەکە ئاسان نابێت بەڵام دڵخۆشم لەگەڵ یانەکە .

زیدان گومان لەسەر مانەوەی لە ریاڵ مەدرید دروستدەکات

دوای بردنەوەی پاڵەوانێتی لالیگا بۆ ٣٤ هەمین جار لەمێژوویدا، زیدانی راهێنەری یانە مەلەکییەکە گومان دەخاتە سەر مانەوەی لەو یانەیە.

لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی مارکا زینەدین زیدانی فەرەنسی و راهێنەری یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی لابەری ئایندەی خۆی لەگەڵ ئەویانەیە رایگەیاند:" من ئێستا لێرەم و پابەندم بە گرێبەستەکەم، ناشمەوێ بیر لە ئایندە بکەمەوە." راهێنەرە فەرەنسییەکە وتیشی" خۆشحاڵم لێرە، ساڵێك لە بۆندەکەم ماوە و بیرم لە نوێکردنەوە یان نوێنەکردنەوەی بۆندەکەم نەکردۆتەوە، بەراستی لە تۆپیێدا نازانین لە ئایندە چی روودەدات."

زیدان میژوویێکی پڕ لە سەرکەوتن و نازناوی لەگەڵ یانە مە لە کییە کە تۆمارکردووە، لە سەردەمی یاریکردنی و لەئێستاشدا وەك راهێنەر. بۆندەکەی تەنها یەکساڵی ماوە لەگەڵ میرەنگی و تاکوئێستاش بۆندەکەی لەگەڵ ئەویانەیە درێژ نەکردۆتەوە.

ئەمشەو یۆڤی و لازیۆ لە لووتکەی خولی ئیتاڵیادا



یانەی یۆڤێنتۆس بەهیوای ئەوەیە جاریکی تر تووشی بەرهەڵستی نەبێتەوە کاتێك ئەمشەو لە یاری لووتکەی ٣٤ی خولی ئیتاڵیا میزانداری یانەی لازیۆ دەکات.

یانەی یۆڤی لە سێ یاریی دواییدا نەیتوانیوە بردنەوەیەك تۆماربکات، کە بەرامبەر میلان دۆڕا و لەگەڵ هەریەك لە یانەکانی ئەتلانتا و ساسۆلۆ بەرامبەر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەجیاوازی ٦ خاڵ لە نزیکترین رکابەری کە یانەی ئینتەر میلانە پێشەنگی گرتووە بە ٧٧ خاڵ، لەولاشەوە یانەی لازیۆ کە ٦٩ خاڵی هەیە دەیەویت کۆتایی بە ئەنجامە خراپەکانی بهێنێت و بەبردنەوەی لە یۆڤی لەگەڵ جەماوەرەکەی ئاشت بێتەوە

ڕۆنالدۆ جێگرەوەی ساری ڕەتدەکاتەوە

گومان دەکرێ بەهۆی ئەنجامە خراپەکانی و دوورکەوتنەوە لە سەرکەوتن، یانەی یۆڤانتس بیر لە جێگرەوەیەك بۆ راهێنەری ئێستایان ماوریسیۆ ساری بکاتەوە.

بەپێی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی ئیتاڵیا سەرۆکی بیانکۆنێری بیر لەوەداکاتەوە لەئەگەری بەردەوامی لەسەر ئەو ئاستە خراپە و لەدوای یاری چامپیۆنزلیگ بریار لەسەر دوورخستنەوەی ساری بدەن و شوێنگرەوەی لاوی پێشوتری یانەی تۆتنهام« پۆچێتینۆ » بکەنە راهێنەری ئێستای یانەکە. بەڵام هەرزوو یاریزانی ژمارە یەکی یانەی یۆڤانتس کریستیانۆ رۆنالدۆ هاتنی پۆچێتینۆی ڕەتکردۆتەوە و بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ هێنانی ئەو راهێنەرە نیە بۆیانەکە.

رۆنالدۆ پۆچێتینۆ بە راهێنەرەکی باش دەزانێت بەڵام پێی وایە ئەو راهێنەرە ڕێگای گەیشتن بە نازناوەکان پێنازانێت و بۆ حاڵی ئێستای یۆڤانتس دەستنادات. هەربۆیە یاریزانە پرتوگالیەکە نایەوێت لەتەمەنی کۆتایی خۆیدا بەبێ نازناو لە یاریگاکان دوورکەوێتەوە.

پابەند دەبین

خەبات XEBAT

Mon.20 Jul. 2020 No.:(5976)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595
یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616



هەمزە سەرجان

میلاد فەیزوڵڵا بەگ، دەرهێنەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵگە فیلمێك لەبارەی کۆڵبەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمدێنێت و ئێستا لە قۆناخی کۆتاییدایەو ڕایگەیاند: ئەم بەرهەمە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ماوەیەك کاری تێدا وەستا و ئێستا دووبارە دەستیان بە کار کردۆتەوە.

میلاد دەڵێت: فیلمەکە لە قوڵایی زام وئازارەکانی سنوورەکانی کوردستان و دانیشتوانی سەر سنوور، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمهاتووە، فیلمەکە بەناوی «قەتلگاە» واتە «کوشتارگە» و لە سنووری مەریوان و پێنجوێن لە باشووری کوردستان لە وەرزی زستاندا وێنەگیراوە. میلاد فەیزوڵڵابەگ، ساڵی 1988 لە شاری شنۆ لە دایکبووە، ساڵی 2006 بۆتە ئەندامی ڕێکخراوی سینەماکارانی جەوان لە ئێران و هەر لەو ساڵەوە دەستی بە کاری فیلمسازی کردووە.

بەڵگە فیلمێك لەبارەی کۆڵبەرانەوە بەرهەمدێت

یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی



کەسانێك هەن ، هەر دەڵێ ی بۆ یەوە خولقاون،کە ترس وتۆقین، بخەنە ناو دڵی خەڵکەوە، فڵان گورچیلەی ژان دەکات و لە ماڵەوە چارەسەری وەردەگرێت، یەکێك دەپرسێت:

- یەریێ فڵان دیار نییە؟

کابرای تۆقێنەر وەرامی دەداتەوە:

- مومکینە کۆرۆنای گرتبێت!

لە پرسگەی فەرمانگەیەك، کۆمەڵێك فەرمانبەری تەقاویتکراو نۆرەیان گرتبوو تا موعامەلەکانیان بۆ رایی بکەن.فەرمانبەرێك بە یأمێرەکەی دەستی پلەی گەرمی دەپێوان، نۆرە گەیشتە یەکێك و فەرمانبەری پرسگە پێ ی گوت:

- گەرمیت بەرزە ، کۆرۆناتە، نابێت بچیتە ژوورەوە.

تەقاویتکراوەکە وەرامی دایەوە:

-بابە وەڵا بەڵام لێ نییە، بە سواری پاس هاتم و دونیا گەرمە.

وای لێهاتووە، یەکێك بە یأستەم بکۆخێت، یان نەرمە تایەکی لێبێت، یەکسەر پێی دەڵێن:

- یەها کۆرۆناتە!!

خوایە، یەو کورە بۆ یەوەندە حەیاتە!!

مەرجی تایبەتی سریل فەتاح بۆ دوێت کردن چییە؟

سریل فەتاح: هەوڵ دەدەم نمونەیەکی جوان و باشی کەسایەتی ژن بم



دیمانە: وریشە عومەر

سریل فەتاح لە دایکبووی شاری سلێمانی و ساڵانێکی زۆرە دانیشتووی وڵاتی سویدە،ئەم خاتوونە هونەرمەندە دەربارەی کارەهونەرییەکانی بۆخەبات دواو واوەڵامی پر سیارەکانی داینەوە:

چۆن باس لە ئەزموون و ئاشنا بوونت بەدونیای هونەر دەکەیت؟

دەربارەی ئاشنابوون بەهونەر دەتوانم بڵێم بەهەرەی هونەریم لە گەڵ بوونم لە دایکبووە هەر بۆیە لە بیرەوەریم تا ئێستا حەزم بەکاری هونەری کردووە و ئاشنایەتیم هەبووە لەگەڵیدا، هەر لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە، کە پینج ساڵ بووم گۆرانیم گوتووەچالاك بووم لە بە شداری چالاکییەکانی قوتابخانە، لەبیرمە ئەوکاتیش



وێرای ئەوەی مناڵ بووم، گۆرانییە قورسەکانم هەڵدەبژارد بۆ گوتن ئەدام دەکرد، هۆکارێکی دیاریکراو نەبوو لەوتەمەنەدا وام لێبکات حەز بەوە بکەم، بەڵام هەستم بەدڵخۆشی دەکرد کە دەمبینی شتێکی جیاواز دەکەم توانایە کی جیاواز پیشان دەدەم، یان گۆرانی جیاواز لە هاوڕێ قوتابیەکانم دەڵێم.

دەستپێکی کاری هونەریت، لەکوێوە بوو؟

وەکو پێشتر باسم کرد، هەر لەقۆناغی سەرەتای خوێندنەوە دەستمکردووە بە گۆرانی گوتن، لە چالاکی قوتابخانەکاندا بەشداریم دەکرد، لە قۆناغەکانی کۆتایی خوێندندا لەگەڵ مامۆستایانی موزیك و ئاوازدانەران، مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و ولیەم یوحەننا و مامۆستا صلاح رەئوف و مامۆستا خالید سەرکار، لەسەر ئاستی شارەکانی باشوری کوردستان و عێراق بەشداریی چالاکی پێشبڕکێی هونەری دەنگ و میوزیکی قوتابخانەکانم کردووە، لە پیشکەشکردنی ئوپێرا وەك دە نگ بێژ بەگوتنی (ئوپەرێتی دارستان) توانیم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، دواتریش کەم تازۆر بۆخۆم خەریکی هونەر و باشتر تێگەیشتن بووم لە هونەر، کاتێکیش بەگونجاوم زانی دەستم بەکاری هونەری کرد.

بەلاسایی دەستت پێکرد، یان دەتوانین بڵێین ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆت دیاریکردووە؟

یەکەم بەرهەمی من کە وەکو بەرهەم بڵاوم کردەوە، لەساڵی 2009 بوو بەناوی (ئازارت دام) گۆرانییەکی تایبەت بوو بەخۆم و لاسایکردنەوە نەبوو، تا ئاستێکی باش پێشوازییەکی باشی لێکرا لای گوێگرانەوە و شارەزایانی بواری دەنگ و موزیکەوە. بەڵام لاسایکردنەوەش گەر مافی خۆیی پێ بدرێت کارێکی ئاساییە، هەموو بوارێکی ژیان بە لاسایکردنەوە دەست پێدەکات و لەسەر بنەمای ئەوەی پێشتر پەرەی پێ دەدرێت. بەگوتەی شارەزایانی بواری دەنگ، دە نگی من ئیدنتتیت و شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە و ئاسان لە بیستندا دەناسرێتەوە، ئەوەش یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە دەبێت لە دەنگبێژدا هەبێت، ئەوە و جگە لەوەی توانایی دە نگیم بە هرە یە تیامدا لەگەڵ ئە وە شدا ئەوەندەی پێمکرابێت، کارم لەسەر پەروەردەکردنی دەنگی خۆم کردووە بە شێوەیەکی زانستیانە، و بەو ڕێگەیە توانیومە شێوازێکی تایبەت بەخۆم لە ئەداکردندا دیاریبکەم و کاری لەسەر بکە م .

وەك کچە گۆرانیبێژێك دەتەوێت چی بکەیت بەبەراورد لەگەڵ ئەو ئافرەتە گۆرانیبێژانەی پێش خۆت نەیان کردبێت ؟

هەر ئافرەتێك کە کاری هونەری کردبێت، باشی کردبێت یان خراپ، لای من شایەنی دەستخۆشی لێکردنە، چونکە لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا دەستی پێکردووە و بۆخۆی تەنها هاتنە پێشەوەی جۆرێك لە هونەر و ئازایەتی بووە.من تەنها ئافرەتان نا، دەمەوێت لە بوارەکەدا کاری جیاوازتربکەم لە هەر هونەرمەندێکی دیکە، جا پیاو بێ یان ژن بێت، دەمەوێ تەنها بە پشت بەستن بە دەنگ و بەهرە کار نەکەم، بەڵکو ئەوەندەی بتوانم هەوڵ دەدەم، بەشێوازێکی زانستیانەتر و پرۆفیشناڵانەتر کار بکەم، هەوڵ ئەدەم نمونەیەکی جوان و باشی کەسایەتی ژن بم لەو بوارە.

تاچەند بوار ڕەخساوە بۆ ئێوەی ئافرەت کە بتوانن وەك بوارەکانی دیکەی ژیان لەبواری هونەر کار بکەن؟

خۆشبەختانە تا دێ کۆمەڵگە بەرەو کۆمەڵگەی مۆدێرن و کراوە دەڕوات، گەر بەراورد بکەیت ئێستا لە زۆربەی بوارەکاندا ئافرەتان بەشداریەکی کاراتریان هەیە لەڕابردوو، ئەم باشتربوونە لە بەشداری ژنان، بە بواری هونەریشەوە دەبینرێت، هەموو دەزانین رابردوو ئەو کچانەی لە بواری هونەردا کاریان دەکرد، بە پەنجەی دەست دەژمێردران، زۆر کات لە بواری شانۆ و دراما پیاوان رۆڵی ژنانیان دەبینی بەهۆی کەمی ژنەوە لەو بوارە، ئێستا ژنان بەشداریی بەرفراوانتر زیاتریان هەیە، بۆیە بە گەشبینییەوە دەڵێم، تا دێ کۆمەڵگە بەرەو کرانەوەی زیاتر دەڕوات و بەشداری ژنانیش زیاتر دەبێت.

تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمیت ؟

خاوەنی زیاتر لەبیست کاری هونەریم لە پەیام و ناوەڕۆك و شێواز و ستایلی جیاواز، هەروەها ئەزموونی ئاوازدانانیشم هەبووە بەرهەمێکی نەتەوەییم بەناوی (ئەی وەتەن) کە بڵاوکراوەتەوە لە ئاوازی خۆمە، جگە لەوە ئاوازم بۆ بەرهەمێکی تر لە تێکستی شاعر ڕە نج سەنگاوی دانراوە لەداهاتوودا بڵاو دەکرێتەوە.

توانا و بەهرەی ئافرەتە دەنگ بێژەکان چۆن دەبینی بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشووتر ؟

گەر بەشێوەیەکی گشتی قسە بکەین، چ لەپیاو چ لە ژن، لەبوارى دەنگبێژی و گۆرانیدا، زۆر لە هونەرمەندەکان پێویستیان بە کاری زیاتر و پەیداکردنی شارەزایی زیاتر هەیە، دەبێت زیاتر خۆیان و دەنگیان پەروەردە بکەن، بۆچی تا ئێستا لە ئاستی پێویستدا نین، ڕەنگە هۆکار زۆر هەبن وەکو نەبوونی کۆرساتی تایبەت یان دەرفەتی خوێندن لەو بوارە و زۆر هۆکاری دیکە.

گروپێکی تایبەت هەیە تۆ کاری لەگەڵ بکەیت و بەرهەمی لەگەڵدا بڵاو بکەیتەوە؟


نەخێر لەسەرەتای کاری هونەرییمەوە بەشێوەیەکی ئازادانە کارم کردووە، گەر دەرفەت هەبێ و کاری شیاو هەبێت، لەگەڵ هەر گروپێك کە پەسەند بێت لام، بێگومان کاریان لەگەڵ دەکەم، بەڵام حەزم بەوە نییە خۆم پەیوەستی تەنها یەك گروپ بکەم و لەگەڵ یەك گروپدا کار بکەم، بەڕای من ئەو جۆرە کارە، هەندێك ئازادی کاری هونەری بەرتەسك دەکاتەوە.ئەم چەند ساڵەی پێشوو، لەگەڵ هاوسەرم نەبەرد جوانمیری هەموو کارەکان ئەنجام ئەدەین، و هاوسەرم پشتگیرێکی باشی منە.

تاچەند لات ئاساییە گۆرانی بەبااڵی پیاودا بڵێت؟

بێگومان ئەوە ئازادی خودی هونەرمەندە کە هەر جۆرە تێکستێك هەڵبژێرێت و دەگەڕێتەوە بۆ روانینی خۆی بۆ هونەرو پەیامی هونەر، بەڕای من باشترە هونەر پەیامێکی ئینسانی هەبێت، پەیامێك کە باس لە ناخی ئینسان بکات بە ژن و پیاوەوە، نەك تەنها ڕەگەزێکی دیاریکراو.

ئەوکەسەی دەتەویت دوویتی لەگەڵ بکەیت کێیە؟

لای من کەسێکی تایبەت نییە بۆ دوێتکردن، بەڵکو مەرجی تایبەت هەیە، مەرج ئەوەیە ئەو کەسە توانایەکی باشی هونەری هەبێت، دەنگ و ئیحساسی دەنگمان بگونجێت وە بە ڕەهە مێکی پەیامداربێت.



باشترە هونەر پەیامێکی ئینسانی هەبێت، پەیامێك کە باس لە ناخی ئینسان بکات بە ژن و پیاوەوە، نەک تەنها ڕەگەزێکی دیاریکراو.